# پاساو و داڕمان

## کورتە خوێندنەوەیەکی شیکارانەی

**"ڕوون کردنەوە یان هەڵبەستنی مێژوو"ی عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**سمایل شەریفی**

# پاساو و داڕمان

## کورتە خوێندنەوەیەکی شیکارانەی

## "ڕوون کردنەوە یان هەڵبەستنی مێژوو"ی عەبدوڵڵا حەسەنزادە

"نسکۆ و دابڕان" ناوی کتێبێکی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشیی حیزبی دێموکڕاتە کە بابەتەکانی لەسەر دوو تەوەری شەهید بوونی سکرتێرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هەروەها سێ ئینشعاب لەم حیزبەدا چڕ دەبێتەوە. دیارە وشەی "نسکۆ" ئاماژە بە کارەساتی شەهید بوونی ڕێبەرەکان دەکا و وشەی "دابڕان"یش ئاماژە بە کارەساتی ئینشعابی لایەنەکان لە حیزب دەکا و ئەم خاڵە هاوبەشەی هەردوو تەوەر پێکەوە کۆ دەکاتەوە بریتی‌یە لە لایەنی تراژیکی ئەم ڕووداوانە و بە "کارەسات" زانینی هەردووکیان. کارەساتێکیان، لە دەرەوەی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی کوردەوە زەبری لە جەستەی حیزب وەشاند و کارەساتەکەی تریش لە ناوەوە، جەستەی حیزبی زامدار کرد و تووشی ترۆمایەکی ترسناکی کرد.

بەر لەم کتێبە، بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەش لە کتێبی "ئەزموونی خەبات"دا ڕیوایەتی خۆی و شێوەی تێگەیشتنی خۆی و لایەنەکەی خۆی لە ئینشعاب بە دوور و درێژی باس کردبوو. دیارە کتێبی "نسکۆ و دابڕان"یش ڕیوایەتی بەڕێز

هیجری و چۆنیەتی تێگەیشتنی ئەو لە بابەتی ئینشعاب شرۆڤە دەکا. ئەگەرچی لە زۆر شوێنی کتێبی "ئەزموونی خەبات"دا کەڵک لە ئەدەبیاتێکی سووکوچرووک و دوور لە پرێستیژ و پێشینەی خەباتکارێکی شێست ساڵە، بە دژی رِکەبەرە سیاسییەکان وەرگیراوە، بەڵام دوای بڵاو بوونەوەی ئەو کتێبە، ئەو کەسانەی ئەمرِۆ خۆیان بە دەربەستی "زمانی پاکوخاوێن" دەزانن، بێدەنگییان لەو شێوە دەربرِینە کرد و چاویان لەحاستی ئەم چەشنە قسانە چووقاند.

ماوەیەک دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکەی کاک مستەفا، بەرِێز حەسەنزادەش لە دووتوێی نووسراوەیەکدا بەناوی "رِوون کردنەوە یان هەڵبەستنی مێژوو" تێبینیەکانی خۆی لەسەر کتێبەکەی کاک مستەفا دەربرِی. ئێستا بە دوور لە شەرِەدندووکەی جەناحی و پێکهەڵپرِژانی تاکەکەسی و هەر بەتەنیا بە نیازی رِوون کردنەوەی هەندێک لە کەلێنە تاریکەکانی برِگەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد و هەروەها بە نیازی بردنە سەری ستانداردی کاری سیاسیی دوارِۆژمان، ئەو دەرفەتە لەبارە بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێب و نامیلکانە و هەروەها بۆ شیکردنەوەی دۆخی سیاسیی ئێستامان، وەک هەلێکی لەبار دەقۆزینەوە و هیوای ئەوە دەخوازین نەهێڵین نووسینی ساختە جێ بە مێژووی رِاستبێژانە لێژ بکا و شێواندنی حەقیقەتەکان گلۆڵەی گێرِانەوەی دەقودۆغر و بێپێچوپەنا بخاتە لێژییەوە و لە رِووباری خورِێنی رِووداوە زۆر و زەوەندەکاندا قرخەی لێ ببرِێ.

با هەر لە سەرەتای ئەم نووسینەشدا ئاماژە بەم رِاستییە بکەین کە ئامانجی ئێمە لە بنەرِەتدا نە لایەنگری کردن لە کەسێکی تایبەتە و نە کوتانی کەسێکی تایبەتی دیکەیە. لەم نووسراوەیەدا ئەگەر دیاردەیەک لایەنگری لێ کرابێ، ئەم دیاردەیە یەکرِیزی و یاساپارێزی و خەباتی بێ ئیددیعا بووە و ئەگەر دیاردەیەکیش بەرپەرچی درابێتەوە، ئەو دیاردەیە ئینشعاب و پێشێل کردنی یاسا و هاشوهووش و خۆهەڵکێشانی بێبنەما بووە. جا ئەگەر کەسانێک بە ویست وبرِیاری خۆیان هەر کام لەم رِێبازانەیان هەڵبژاردبێ ئەوا بەگوێرەی هەڵبژاردنەکەی خۆیان دەستی

لاواندنـەوەی ئـەم نووسـینەیان بەسـەردا هـاتووە یـان بەپێچەوانـە بـەر چـەپۆک و چەمۆڵـەی کـەوتوون. ئەگـەر جێگـای ئەکتـەرەکانی ڕووداوەکـانیش گۆڕابـان واتـە کـاک مسـتەفا ببـا بـە "ڕەمـزی بزووتنـەوەی ئینشـعاب" و حەسـەنزادەش ببـا بـە لایـەنگری بـەکردەوەی یـەکڕیزی و ڕەچـاو کردنـی یاسـا و ڕێسـا، ئـەودەم جێگـای ڕوانینـی ئافـەرینبێژ و ڕوانینـی شـەرمەزارکەرەوەی ئـەم نووسـینەش دەگـۆڕا و هـەر کاراکتێرەی جێگە و پێگەی شایانی خۆی پێ دەبڕا و پێ دەدرا.

دیـارە گرینگیـی کتێبەکـەی کـاک مسـتەفا لـە ناوەرۆکەکـەی و هـەروەها لـەم ڕوانگەیـە دا خـۆی حەشـار داوە کـە بـەڕێزیان نوێنەرایـەتی دەکـا، بـەڵام گرینگـی "نسکۆ و دابڕان" لە پاشگەز بوونەوەی نووسەری "ڕوونکردنەوە"ش لەو بەڵێنییەش کە گوایە وڵامی ڕەخنەگرەکانی ناداتەوە، بەدیار دەکەوێ. کتێبەکـەی کـاک مسـتەفا لەوە گرینگتر بوو بەڕێز حەسەنزادە بە خەمساردی بەلای‌دا تێپەرێ و ئۆخژنێکی ڕووکەش بکا بە دەمامکی ئۆقرەلێ‌هەڵگیرانێکی بەڕاستی.

گرینگیـی کتێبەکـەی کـاک مسـتەفا نـەک هـەر لـەو زانیارییانـە دایـە کـە نووسـەری کتێب بـە دەسـتەوەیان دەدا، بـەڵکوو لـەو "گۆشـەنیگا"یە دایـە کـە نووسـەر لێیەوە دەروانێتە ڕووداوەکان و لەو "مـەنتیق"ە دایە کە خاوەنەکەی ڕووداوەکـانی پـێ شـی دەکاتـەوە. لەبـەر یـەک ڕانـانی "نسـکۆ و دابـڕان" لەگـەڵ ئـەو بەشـانەی "ئەزموونی خەبات" و "ڕوون کردنەوە" کە پەرژاونەتـە سـەر پرسـی ئینشـعاب، بەراورد کردنی دوو "لۆژیـک" و دوو "گۆشـەنیگای" جیاوازە. لۆژیکێک کە ئینشعاب بە هەرەس و نسکۆیەکی ڕووخێنەر دەزانێ و هەوڵدان بۆ ئینشعاب وەک هـەوڵدان بۆ ڕووشاندنی پرێستیژی حیزب و ڕووخاندنی ستراکتۆری حیزب دەبینێ، لـە بەرانبـەر گۆشەنیگایەکدا کـە ئینشعاب، وەک کردەوەیـەک وێرای کردەوەکـانی دیکـە چاو لـێ دەکـا و ئەوپەڕەکـەی ئەوەیـە خاوەنی ئـەم گۆشـەنیگایە ئینشـعاب بـە بژاردەی یەکـەم نـازانێ، ئـەگینا دەتـوانێ بەهاسـانی بـە بژاردەی چەنـدەمی بزانـێ و هـەر کاتێـک کـە بۆخـۆی بەپێویسـتی زانـی دەتـوانێ بەهاسـانی وەک پڕۆژەیـەکی

حازربەدەست بەڕێوەی ببا. ئێستا کە تەپ‌وتۆزی ورووژان و هارووژانی ڕۆژانی دوای دابڕان نیشتووەتەوە و کەشەکە لەقەدەر، هێورتر بۆتەوە، هەڵسەنگاندنی ئەم دوو گۆشەنیگا ناتەبایە و ئەم دوو لۆژیکە دژبەیەکە لە دوو بارەوە زۆر گرینگە:

**یەکەم. لە ڕووی سیاسی‌یەوە:** هەوڵدان بۆ یەک‌گرتنەوە، بە بێ ڕەخنەکاریی ورد و پشوودرێژ و هەمەلایەنەی ئینشعاب و دابڕان، هەوڵێکی ئەستێور و ڕووکەش و ڕاگوزاری‌یە و هیچ ئاکامێکی سیاسی لێ شین نابێتەوە و لایەنە سیاسی‌یەکان ڕەنج بەخەسار دەکا و دەیانهێنێتەوە سەر حوللەمەرەسێ. هەوڵێکی ڕووکەشی لەم چەشنە، لە گەشبینانەترین حاڵەتدا هەوڵی یەکگرتنەوە لەبار دەبا و لە ئیحتمالێکی ڕەشبینانەتردا دوای یەکگرتنەوە جارێکی دیکە حیزب بەرەو هەڵدێری دابڕان دەبا. دیارە ڕەخنەکاریی ورد و هەمەلایەنەی دابڕانیش نایەتە دی مەگەر هەردووک ڕیوایەت لە ئینشعاب و شیکاریی هەر دوو لۆژیکە ناتەباکە لەبەردەستدا بن. ئێمە ئەوە بە تێڕوانینێکی دێموکراتیک و پلۆرال نازانین کەسێک بە دەربڕینی گۆشەنیگای خۆی شاد و کەیفخۆش بێ، بەڵام بە زەلال بوونی گۆشەنیگا جیاوازەکەی تر وەک برێشکەی سەر سێڵ هەڵقرچێ و هەڵبەزێتەوە و هەرا بنێتەوە.

**دووەم. لە ڕووی مێژوویی‌یەوە:** بۆ ئەو مێژوونووسەی لە دوارۆژدا لە ڕووداوەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەوت‌وکەوتەکان شەنوکەو دەکات، نەک بەڵگەنامەیەکی دەستەئەوەڵی دووسەد و چەند لاپەڕەیی، بگرە بەڵگەنامەیەکی یەک لاپەڕەییش نرخی تایبەت بە خۆی هەیە. توێژەرانی ئەمڕۆ ، چالاکە سیاسییەکانی بەرەکانی پێشوو نەک بە هۆی گرینگی دان بە نووسینەوەی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان بەڵکوو بەهۆی پشت‌گوێ‌خستن و بەهێند نەگرتنی نووسینەوەی مێژوو، سەرکۆنە دەکەن. بۆ توێژەری ئەمڕۆ و دوارۆژ، داوەری کردن لەسەر ڕەوتی ئینشعابی دوای کۆنگرەی سیزدە بە بێ هەبوونی دەقی لە چەشنی "نسکۆ و دابڕان"، داوەرییەکی تێر و تەواو نابێ. هەروەک چۆن ئەم داوەرییە بە بێ هەبوونی دەقی لەچەشنی

"ئـەزموونی خـەبات" و "ڕوون کردنـەوە"ش، داوەرییـەکی لاسـەنگ و ناهەڵسـەنگاو دەبوو.

کەوایـە بـە لەبـەر دەسـتدا بـوونی هـەموو ئـەم نووسـراوانە کـە هـەر کامـەیان نوێنەرایەتی شێوە ڕوانینی خۆی دەکا، هەڵبەزینەوە نیشانەیەکی چاک بۆ متمانـە بـەخۆبوون نییـە. تۆکمـە بـوونی لـۆژیکی پتـەو لـە بەرانبـەر سست بـوونی لـۆژیکی ڕووخەک وەک خۆرێکە بە بێژینگ پێشی پێ گیرابێ و لە ڕاستیدا هەڵبەزینەوە، زیاتر هەڵوێستێکی شیاوی لۆژیکە ڕووخەکەکەیە نەک ڕوانینە ڕەواکە. هیجری دوای سـێ سـاڵ، بـە حەوسـەلە و بـە پشـوودرێژی وەکـوو کەسـایەتێیەکی جیـددی وڵامی قسەکانی حەسەنزادەی داوە. بـەڵام لایـەنگرانی حەسـەنزادە کـەمتر لـە سـێ ڕۆژ دوای ئەوەی کتێبەکەی هیجرییان پێ گەیشت و حەسـەنزادەش کـەمتر لـە دوو مانـگ شانتاژی خۆیـان بـەدژی ئـەم شـێوە ڕوانینـەی کـاک مستەفا نوێنەرایـەتی دەکا، دەست پێ کرد.

ئێمە پێمان وایە ئەم هەڵچوونە زیاتر بە هۆی ئاشکرا بوونی ئـەو ناتەبایی‌یانـەن کـە لـە هـەناوی کـردەوەی ئینشـعابدا خۆیـان حەشـار داوە. ناتەبایی‌گـەلێک کـە هـەتا ئێستا ڕەنگـە بـە وردی ڕەخنـەکاری نـەکرابن. هـەر وەکـوو نموونەیـەکی بەردەسـت، ئاماژە بە بابەتێکی مێژوویی دەکەین.

### نموونەیەکی مێژوویی

دوو سکرتێری شـەهیدی حیزبی دێموکڕات، قاسملوو و شـەرەفکەندی، لـە کـاتی ڕێبەرایەتییاندا لەبارەی پرسی ئینشعاب هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرا و بێ‌پێچ‌وپەنایان گرتووە. لـە کـاتی سـکرتێریی دکتـۆر قاسموودا دوو ئینشـعاب لـە حیـزب کـرا و لـە کاتی سکرتێریی دکتۆر شەرەفکەندیشدا یەکێک لەو ئینشعابانە هەر بەردەوام بوو و

لایەنی ئینشعابی ئەوکاتیش لەلای جەریانی سەرەکی و یاسایی حیزب، خۆی بە حیزبی دێموکڕات دەناساند. ئەم دوو ڕێبەرە شەهیدە لە وتار و لێدوانەکانیاندا بە توندی بە دژی ئینشعاب بوون و ئینشعابیان بە لادان لە پرەنسیپە ئوسوولییەکانی خەباتی تەشکیلاتی زانیوە. هەڵێنجانی بۆچوونی ئەم ڕێبەرانە دەربارەی ئینشعاب و نووسینەوەی ڕێکوپێکیان پێویستی بە نامیلکەیەکی سەربەخۆ هەیە کە هیوادارم ڕۆژێک ئەم نامیلکەیە بڵاو بێتەوە. ئێستا ئەو لایەنەی خۆی بە "حدک" پێناسە دەکا، هاوکات هەم بە تابلۆی درێژەپێدانی ڕێگای ئەم ڕێبەرانە و هەم بە پێداگرتن و بە ڕەوا زانینی ئینشعاب چالاکیی سیاسیی خۆی بەڕێوە دەبا؛ ناتەباییەک کە بەرپرسانی "حدک" هەتا ئێستا خۆیان لێ دزیوەتەوە. تەنانەت لەبەریەک ڕانانی بۆچوونی حەسەنزادە لە دوو کتێبی خۆیدا واتە "نیوسەدە تێکۆشان" و "ئەزموونی خەبات" لەمەڕ پرسی ئینشعاب دەرخەری ناتەباییەکە کە شاردنەوەی چەندی بلێی چەتوونە. مەگەر ئەوەی بڵێین کەسێک بۆ داوەری کردن لەسەر بابەتەکان، "کردەی ئینشعاب"بە پێوانە نەزانێ بەڵکوو "ئۆتۆریتە"ی ئەو کەسەی ئینشعاب دەکا بە پێوەر بزانێ و پێی وا بێ بۆنموونە ئەگەر جەلیل گادانی و حەسەن ڕەستگار ئینشعاب بکەن، ئەوە کردەوەکەیان پاساو هەڵناگرێ بەڵام ئەگەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە بیکا، کردەوەکەی پاساوهەڵگر و ڕەوایە. نامانەوێ باسی ئەوە بکەین تێگەیشتنی نووسەری "ئەزموونی خەبات" دەربارەی ئۆتۆریتەی خۆی ڕاستە یان نا، بەڵام گومانمان لەوەدا نییە نووسەر ئەم ئۆتۆریتەیە بۆخۆی شک دەبا و بە توندی دیفاعی لێ دەکا. ئەم ڕستانەی خوارەوە کە لە کتێبی "ئەزموونی خەبات" هەڵبژێردراون ئەم ڕاستییەمان پێ‌دەسەلمێنن:

ـ "ئەمن هەستم کرد کە ئەگەر لە کۆمیتەی مەرکەزیدا بم ئیحتمالی ئەوەی ئۆتۆریتەی من بەسەر کۆمیتەی مەرکەزیدا زاڵ بێ، زۆرە"[١] ـ "ئەگەر ئەوەش نەبا و هەر ئەندامی دەفتەری سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندی بام نەوعێک ئۆتۆریتە زاڵ دەبوو."[٢]

ـ "جا لە کۆنگرەشدا ئەو ئۆتۆریتەیە هەر حاکم بوو کە بۆ سابیت کردنی ئەوەی دەتوانرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان فیلمەکان چاو لێ کرێنەوە."[٣]

دیارە حەسەنزادە ئەوە ناشارێتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە ئۆتۆریتەی ئەو دەبێ وەکوو ئۆتۆریتەی دکتۆر قاسملوو حیسابی بۆ بکرێ:

"با ئەوەش بلێم هێلە گشتی‌یەکان هەم دارِشتنیان و هەم جەوهەرە ئەساسی‌یەکەیان ئی من بووە. بەڵام بە کۆمەگی برادەرانی دیکە بە قەولی دەڵێن موتوربە کراوە.[...] ئەوە شاراوە نیە لە حیزبی دێموکڕاتدا بەرنامە و ئەساسنامە یەکەمجار دکتۆر قاسلموو نووسیویەتی و برادەرانی دیکە تەکمیلیان کردووە. بەڵام بەدوای وەی‌دا هەموو جارێ یان ئەمن ئامادەم کردووە یان عونسوری ئەسلی بووم لە ئامادە کردن یان دەستکاری کردنی‌دا"[٤] یەکەمین ئەنجام کە لەپێناو یەکگرتنەوەی ئوسوولی و پێش‌گرتن بە لێک‌ترازانێکی دیکە دەبێ داکۆکی لەسەر بکرێ ئەوەیە کە هیچ ئۆتۆریتەیەکی فەرزی، شەرعییەت بە لادان لە پرەنسیپەکانی کاری تەشکیلاتی و بەتایبەت شەرعییەت بە ئینشعاب نادا. هەڵوێستی حەسەنزادە لە "نیوسەدە تێکۆشان"دا کە بە شێوەیەکی لەئاشتی‌نەهاتوو ئینشعاب پرۆتێستۆ دەکا ڕاستە و هەڵوێستی بەرِێزیان لە "ئەزموونی خەبات" و "ڕوون کردنەوە" دا کە پاساو بۆ ئینشعاب دێنێتەوە هەڵەیە.

حەز دەکەم کەسێک بێت و هەموو نووسراوەکانی حەسەنزادە لە کاتی ئینشعابەکانی دوای کۆنگرەی چوار و کۆنگرەی هەشت، کەلێن بە کەلێن بپشکنێ و بزانێ ئەو دەم لەکوێ کەلکی لە دەستەواژەی "دێموکڕاتەکان" وەرگرتووە؟ چۆنە ئەو دەم کە بۆخۆی ڕەگەڵ ئینشعابەکان نەکەوتبوو، "حیزبی دێموکرات" هەر ئەو لایەنە بوو کە جیا نەبۆوە، بەڵام کاتێک خۆی ئینشعابی کرد، حیزبی دێموکڕات بوو بە "دێموکڕاتەکان"؟ تەنانەت لە باشترین حالەتدا ئەو دەم کە باسی لایەنی ئینشعابی دوای کۆنگرەی هەشت دەکا وەک "بەشێک لەو

کادر و پێشمەرگانەی حیزب کە پاش کۆنگرەی هەشتەم ڕیزی خۆیان لە ڕیزی حیزبی دێموکڕات جیا کردبووەوە"[٥] ناویان دێنێ.

حەسەنزادە چەندین جار گێڕاوییەوە کە "دکتۆر سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوای‌نەخواستە دوکتۆر قاسملوو بمرێ هیچ خەم نیە. چونکی فلانە کەس [واتە حەسەنزادە] دەتوانێ تەواوی ئەفکاری دکتۆر قاسملوو بنووسێتەوە"[٦]

پرسیارێک کە حەسەنزادە هەتا ئەمرۆ وڵامی نەداوەتەوە ئەوەیە کە لە چ بڕگەیەک لە ژیانی سیاسیی دکتۆر قاسملوودا، ئەفکاری دکتۆر بەلای پاساو هێنانەوە بۆ ئینشعاب و لەوەش زیاتر بۆ ڕێبەرایەتی کردنی بەکردەوەی ڕەوتی ئینشعاب شکایەوە؟ ئایا بەپێچەوانە ئەوە لایەنی ئینشعابی زەمانی دکتۆر قاسملوو نەبوو کە ڕەوتی یاسایی حیزبی بە "فراکسیۆنی قاسملوو. شەڕەفکەندی" ناو دێنا ( وەک ئەمرۆ حەسەنزادەش بە "حیزبەکەی کاک مستەفا"ی ناو دێنێ) و لایەنی ئینشعابیشیان بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ـ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ناو دێنا؟ (وەک ئەورۆ بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ناو دێنن). بەڵی بەداخەوە دکتۆر قاسملوو شەهید بوو و عەبدوڵڵا حەسەنزادەش ئەفکاری دکتۆر قاسملووی بەپێچەوانە هێنایە بواری جێبەجێ کردنەوە.

حەسەنزادە دەنووسێ: " کێیە نەزانێ کە لە ساڵی ١٣٤٩ بەم لاوە ئەوەی زیاتر لە هەمووان دەگەڵ د.قاسملوو ژیاوە، لێی نزیک بووە، هاوکاری بووە و ـ بە داوای لێبووردنەوە ـ لێی فێر بووە، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بووە"[٧]

پرسیار ئەوەیە ئایا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەم ڕاستییە لە دکتۆر قاسملوو فێر بوو کە ئینشعاب کردەوەیەکی قێزەونە؟

حەسەنزادە دەڵێ: "دوکتۆری شەهید منی بە سیمبۆلی دێموکڕات ناو بردووە"[٨]

قسە لەوە دایە "سیمبۆلی دێموکڕات" هەرگیز نابێ بە ڕەمزی "بزووتنەوەی" شەق کردنی دێموکڕات؛ مەگەر ئەوەی پێناسەی "حیزبی دێموکڕات" یان پێناسەی "سیمبۆلی دێموکڕات" بگۆڕین.

## ئینشعاب چۆن ڕووی‌دا؟

حەسەنزادە دەنووسێ: "گیروگرفتێکی بنچینەیی ئەوەیە کە کاک مستەفا ئێستاش نازانێ کێشەی نێوان دوو جەناح لە دوای کۆنگرەی سێزدە لەسەر چی بووە."[٩] بەڕاستی با جارێک بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم پرسیارە گرینگە لە خۆمان بکەین کێشەی دوای کۆنگرەی سێزدە لەسەر چی بوو؟

نەک هەر ئەمە، سالانێکە هەموومان بیر لەوە دەکەینەوە ئاخۆ خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆچی تووشی نسکۆ بووە و چۆن دەکرێ کۆمەلە ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەر کردنی ئەم دۆخە نالەبارە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە فۆرموولە بکرێ. شی‌کردنەوەی هۆیەکانی ئەم نسکۆیە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو و ڕێتێچوو، خۆی دەتوانێ هەنگاوێکی بەرەو پێش، بگرە قەلەمبازێکی بەرەو پێش لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەماندا بێ.

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی نسکۆی خەباتی ڕۆژهەلات "هاتنە خوارەوەی ئاستی ستانداردەکانی خەبات"ە. ستانداردی خەبات بریتین لەو چەندایەتی و چۆنیەتییانەی ئاستی خەباتی ئێمە دیاری دەکەن. خەباتی ئێمە هیچ نییە جگە لەو ستانداردە سیاسی و تەشکیلاتی و فیکرییانەی کاریان پێ دەکەین و هەولەکانمانیان پێ ئاراستە دەکەین و جوولەی خەباتکارانەی خۆمانیان پێ ڕێک دەخەین. ئەگەر دەبینین لە دەیەی شێستی کۆچی هەتاویدا خەباتی کوردی ڕۆژهەلات لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خەباتێکی بێ‌وێنە بوو و ئەم خەباتە بێ‌وێنەیە پتانسیەلە شاراوەکانی کۆمەلگای کوردستانی ئێرانی بۆ بەرخۆدان و بەرەوڕوو بوونەوەی کارا لە بەرانبەر هێرشی داپلۆسێنەرانە و

داپڵیشێنەرانەی دوژمن چالاک کردبوو، لەبەر ئەوە بوو وا ئەو کات ستانداردەکانی خەباتی ئێمە بەشێوەیەکی بەرچاو لە سەرێ بوون و زۆریەک لە هێزە سیاسیەکانی ناوچە ـ چ هێزی کوردی و چ هێزی ئێرانی و چ هێزی ناوچەیی ـ نۆرمەکانی کاری سیاسی خۆیان لە ڕووی ستانداردەکانی خەباتی ئێمەوە ڕێکدەخست. دیارە بەشێکی زۆری بەرز بوونی ئاستی ستانداردی کاری سیاسی لەلای ئێمە لەو کاتدا قەرزداری کەسایەتی و زانیاری و ئەزموونە بەنرخەکانی شەهیدی سەرکردە دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو. بەڵگەشمان بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە هەر لەگەڵکوو کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکڕات بە ئامادە بوونی دکتۆر قاسملوو گیرا و دکتۆر بۆ پۆستی سکرتێری هەڵبژێردرا و سوکانی ڕێبەرایەتی حیزب درایە دەستی ئەو شەهیدە، شێوەی کاری حیزبی و فەرهەنگی کاری تەشکیلاتی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە دیت و حیزبی دێموکڕات بوو بە حیزبێکی تۆکمە و یەکانگیر و کارلێهاتوو.

هەموومان ئاگادارین نەک هەر سەرکردەکانی کورد شەهید کران، بگرە زۆریەک لە کادرە هەڵکەوتووەکانی حیزبیش لە باشووری کوردستان و لە تورکیا و لە شوێنی دی شەهید بوون. هێزی ئینسانی ئێمە بە توندی لە کەمێی دا. لە غیابی کەسایەتییە هەڵکەوتەکان و کادرە پشکەوتووەکانماندا تاقە شتێک دەیتوانی جێگای بەتاڵی ئەو هێزە ئینسانییە بەوەجە تا ڕادەیەک پڕ بکاتەوە بریتی بوو لە یەکڕیزی و یاساتەوەر بوون و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی. ڕاستە ڕێبەرەکانی ئێمە شەهید بوون بەڵام ئاگادار بوون لە یاسایەکی پتەو دەیتوانی تا ڕادەیەک ئەو کەمایەسییە پڕ بکاتەوە. ئەم یاسا گرینگە ئەوەیە:

**"ڕێبەر ناتوانێ جێگای تەشکیلات بگرێتەوە بەڵام تەشکیلاتی پتەو دەتوانێ جێگای ڕێبەر بگرێتەوە"**

که دکتۆر قاسملوو و بەدوای ئەویشدا دکتۆر شەرەفکەندی شەهید بوون، جێگای ئەوانمان پێ پڕ نەبۆوە. کەمایەتی ئەوکاتی ناوحیزب تا ڕادەیەکی زۆر هەستی بەم ڕاستییە کرد هەر بۆیە هەوڵی دا بە ڕاگرتنی یەکریزی و گوێڕایەڵ بوون بە پێڕەو و پرۆگرام، ئەوەندەی دەیتوانی هێزی تەشکیلاتی و سامانی سیاسی حیزب بپارێزی و جێگای بەتاڵی سەرکردە و کادرە شەهیدەکان، بە تەشکیلاتێکی پتەو پڕ بکاتەوە. ئەم سیاسەتەش تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوت. هەتا کاتێک ئەو کەمایەتییە لە کۆنگرەی سێزدەدا دەنگی هێناوە و بوو بە زۆرایەتی. سکرتێری تازە هەڵبژێردراو هەرگیز ئەو ئیددیعایەی نەکرد جێگای ڕێبەرانی شەهیدی حیزب بە وی پڕ بۆتەوە بەڵام بە توندی چاوەڕوانیی ئەوەی هەبوو کەمایەتی دوای کۆنگرەی سێزدە بە ڕەچاو کردنی یەکڕیزی و بە قبووڵ کردنی ئەو قورسایی‌یەی وا هەڵبژاردن بە هەردووک لای ناو حیزبی دەدا، تەشکیلات پتەو بکەن و هەردووک لا پێکەوە و بە هاوکاری کردنی یەکتر تا ڕادەیەک جێگای بەتاڵی سەرکردە شەهیدەکان پڕ بکەنەوە. ئەوجار نۆرەی کەمایەتی تازە بوو کە لەو تاقیکارییە مێژووییەدا سەرکەوتوو دەربچێ ... بەڵام وا دەرنەچوو. کەمایەتی هەر لە ڕۆژی یەکەمی دوای کۆتاییی کۆنگرەوە دەستی کرد بە سەرپێچی کردن و مل نەدان بە یاسا و تەنانەت وەرنەگرتنی ئەو پۆستانەی پێیان درا و بێڕێزی کردن بە کادرەکانی ئەو زۆرایەتییەی لە کۆنگرەدا دەنگی هێنابۆوە، بەتایبەتی بێڕێزی کردن بە شەخسی سکرتێر و بڵاو کردنەوەی قەبارەیەکی بەرچاو لە وتار و یادداشت و قسە و قسەڵۆک لەسەر تۆری ئینترنێت. کاتێکیش ئەم کەسانە لە ئەنجامی ئەم سەرپێچی کردنە و مل نەدانیان بە یاسا و گوێ نەدانیان بە بڕیارە یاسایی‌یەکان تووشی سزای تەشکیلاتی بوونەوە، لە شانتاژەکانیاندا ئەم سزایانەیان بە بەڵگەی قەڵتوبڕ و حەزف و هەڵاواردن لەقەڵەم دا. تا سەرەنجام ئەو بەشە بڕیاری خۆی دا و ئینشعابی لە حیزب کرد. بەو ئینشعابە سامانی سیاسیمان دیسان لە کەمێی دا؛ بەڵام ئەوجار دەستی دەرەکی کەمتر لەگۆڕێدا بوو و زیاتر دەستی ناوەکی شوێندانەر بوو. ئەم

"دابڕان"ە بە دوای "نسکۆ"ی شەهید بوونی ڕێبەرەکاندا هات. نەک لەمڕۆدا و بۆ ئێمە، بگرە بۆ بەرەکانی داهاتووش خوێندنەوە و شی‌کردنەوەی ئەم "نسکۆ" و "دابڕان"انە پێویستییەکی مێژوویی و سیاسی‌یە.

یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئینشعاب لە یادداشتێکی‌دا دەنووسێ:

"بەو هیوایەی ئەوانەی ئەو کات سەرمەست لە سەرکەوتن بە سەرهاوڕێیانی خۆیاندا، گوێی بیستنی ئەم قسانەیان نەبوو، ئێستا و بە دوای دیتنی ئاسەواری زیانباری ئەم جۆرە "سەرکەوتن" و غەرڕەبوونە، کەمێک وەخۆ هاتبنەوە و بە دوور لە دەمارگرژی و کورتبینییەکانی ئەو کات، گوێ بۆ ئەم پەیامە هەڵ بخەنەوە"[١٠]

ئەم قسەیە بە باشترین شێوە عەقلییەتی ئینشعاب دەردەخا. لێ‌ورد بوونەوە لەم قسەیە و قسەی هاوچەشنی ئەمە زۆر باش ئەو شێوە بیرکردنەوەیەمان بۆ ئاشکرا دەکا کە ئاخیرەکەی لە وێستگەی ئینشعابدا خۆی دیتەوە. ئەم عەقلییەتە پڕشنگدارە ئاوا بیری لە ئینشعاب کردووەتەوە: لایەنی بەرانبەری ئێمە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوون، ئەوان بەم سەر کەوتنە غەرڕە بوون، ئێمە دەبێ پێش بە غەرڕە بوونی ئەوان بگرین. چۆن؟ بە ئینشعاب. کەوایە دەست لەناو دەست و قەوەت لە خوا. ئینشعاب لەسەر بنەمای ئەم نبووغە تەحلیلییەوە دەستی پێ‌کرد.

## پێویستیی بڵاو کردنەوەی "نسکۆ و دابڕان"

گوتمان خوێندنەوە و شی‌کردنەوەی "نسکۆ"ی شەهید بوونی ڕێبەرەکان و "دابڕان"ی لایەنە ئینشعابییەکان پێویستییەکی مێژوویی و سیاسی‌یە.

بڵاو کردنەوەی کتێبی "نسکۆ و دابڕان"ی کاک مستەفا هیجری هەوڵێک بوو لەم پێناوەدا. بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی پێیان وایە بڵاو کردنەوەی ئەم

کتێبە لە پێناوی لەبار بردنی هەوڵەوکانی یەکگرتنەوەی لایەنی سەرەکی و یاسایی حیزی دێموکرات لەگەڵ لایەنی ئینشعابی بووە، بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبە بەو دەلیلەی ئێستا شرۆڤەی دەکەین بەهۆی چوونە سەری ئەگەری یەکگرتنەوە و نیشانەی چوونە سەری ئەم ئیحتمالە بوو. پێشتر عەبدووڵڵا حەسەنزادە لە کتێبی "ئەزموونی خەبات"دا بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەم ئینشعابە دەربڕیبوو و لە ڕوانگەی خۆی و قۆڵی خۆیەوە بابەتەکانی پیوەندیدار بەم باسەی شرۆڤە کردبوو. بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبەی حەسەنزادە وێڕای هێندێک قسەی نەشیاو و بابەتی دوور لە ڕاستی کە تێیدا بوو، لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە ئاسایی وەرگیرا. کتێبەکە خوێندرایەوە و لە مەجلیسەکاندا باسی لەسەر کرا. ئەندامانی حدکا و لایەنگرانی هیجری بۆ نیشاندانی دژایەتی خۆیان بەنیسبەتی بابەتەکانی ئەم کتێبە شانتاژیان نەکرد، نەبوون بە دەروێشی حیزبی و سۆفیلکەی سیاسی، ڕەفتاری شێوە فالانژانەیان لە خۆیان نیشان نەدا. لە جەنگەی وتووێژەکانی لایەنی حدکا و لایەنی ئینشعابی و بە چوونەسەری ئیحتمالی یەکگرتنەوە، هەست بەم پێویستییە دەکرا مادام لایەنی ئینشعابخواز بۆچوونی خۆی بۆ پاساودانی ئینشعاب خستبووە ڕوو، وا باشترە لایەنی دژە ئینشعابیش بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو هەتا نەوەکانی پاشەڕۆژ و لێکۆڵەرانی بواری مێژوو و سیاسەت لە داهاتوودا داوەری خۆیان لەم بارەیەدا بکەن. بە سەرکەوتنی پرۆژەی یەکگرتنەوە تازە نەدەکرا ئەم قسە و باسانە بێنە گۆڕێ. چونکە دیسان بیانوویکی دیکە بۆ دابڕان دەهاتە گۆڕێ. مەنتیقی ـ ش نەبوو قسەی سەرکردەیەک کە ئینشعاب لە دەورەی سکرتێریی ئەو دا ڕووی داوە سانسۆر بکرێ؛ بە تایبەت سەرکردەی لایەنەکەی دیکە قسەی خۆی کردبوو و هەندێک بابەتیش کە بەپێچەوانەی ڕاستی بوون، هاتبوونە ئاراوە.

لە هەندێک سەرچاوەی مێژوویی‌دا لەمەڕ مەترسیی کەمتەرخەمی لە بواری ڕاستکردنەوەی ئەو نووسراوانەی ڕووداوە مێژووییەکانیان بە سەقەتی تۆمار

کردووه نەقلێکی خۆش گێڕدراوەتەوە. "دەگێڕنەوە جارێکیان شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە زۆرانبازیدا ژێر دەکەوێ، کەچی بە چەند بەیتێکی تەڕ و پاراو وا ڕادەگەینێ خۆی سەرکەوتووە و هەماوەردەکەی نەک تەنها ژێر کەوتووە بەڵکوو ریسواش بووە. لە وەرامی گلەیی و گازاندەدا شێخ ڕەزا دەڵێ: تازە من ئەمەم کرد بە (تأريخ) بۆخۆت هەرچی دەڵێی بیڵێ... بەشێکی زۆر لە شتی نووسراو وەک بەیتەکانی شێخ ڕەزا دەبێتە (تأريخ) یاخود بیر و باوەڕ."[١١]

عەبدوڵڵا حەسەنزادە خەریک بوو نەریتی شێخ رەزا ڕەچاو بکا. شێعرەکەی شێخ ڕەزا ئەگەر بایەخی مێژوویيشی نەبوو، لەباری ئەدەبییەوە کارێکی بەرز و جوان بوو. بەڵام گێرانەوەیەکی ناڕاست کەپێوەندی بە مێژووی حیزبێکیشەوە هەبێ، نە بایەخی مێژوویی هەیە و نە نرخی ئەدەبی هەیە. هەر بۆیە نووسراوەیەکی ڕوونکەرەوەی لە چەشنی "نسکۆ و دابڕان" پێویست بوو.

### ئەوانەی ئینشعابیان کردووە، ئینشعابیان نەکردووە!

لایەنی ئینشعابی هەتا ئێستاش بەرپرسایەتی ئینشعابی وە ئەستۆ نەگرتووە. بەپێچەوانە ئەو لایەنەی ئینشعابی کردووە، لە هەڵوێستێکدا کە زیاتر وە چاوبەستن و شوعبەدەبازی دەچێ، تاوانی ئینشعاب دەخاتە ئەستۆی لایەنی دژی ئینشعاب. هەر دوابەدوای ئینشعاب، حەسەنزادە لە هەڵوێستێکدا لێهاتوویی خۆی بۆ بادانی ڕاستییەکان بەم چەشنە دەردەبڕێ: "ئێمە نەمانتوانی یەکڕیزی بەسەر واندا بسەپێنین بەڵام ئەوان توانیان دوولەت بوون بەسەر ئێمە بسەپێنن."[١٢]

ئینشعابەکە عەبدوڵڵا حەسەنزادە و لایەنەکەی ئەو کردوویانە، کەچی دەڵێ لایەنی بەرانبەر بەسەریاندا سەپاندووین! وەک ئەوەیە کەسێک بە مێوانی بچێتە

ماڵی هاوڕێیەکی و لەوێ دزییەک بکا و کاتێک دزییەکەی لێ ئاشکرا دبێ، بە هاوڕێکەی بڵێ خودا نەتحەسێنێتەوە بۆ ئەو دزییەی پێت کردم!

هەموو سیستەمە حقووقیەکانی جیهان تاوان دەخەنە پاڵ کەس یا کەسانی بکەری تاوانەکە و هەموو تاوانبارانی جیهانیش بە گوێرەی یاسایەکی چەسپاوی زانستی دەروونناسی، مەیلی ئەوەیان هەیە تاوانەکە لە ئەستۆی خۆیان داڕنن و بیخەنە ئەستۆی کەسانی ترەوە. ناوی ئەم مەیلە گشتگرە "فرافکنی"یە.

حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوەش"دا ئەم هەڵوێستە دووپات دەکاتەوە:

"با دنیا بزانێ کە لە لەتبوونی ئەوجارەی حیزبی دێموکڕاتدا ئەکتەری سەرەکیی ئاشکرا و نهێنی تەنیا و تەنیا زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و پێش هەمووان کاک مستەفا بووکە لە تۆڵەی وەسەریەک کەوتنەوەی ساڵی ١٣٧٥ و١٩٩٦ دا جگە لە لێکترازاندنی ڕیزەکانی حیزب بە هیچ شتێک ئۆخژنیان نەدەهاتێ."[١٣]

ئەوە بە هۆی نامیلکەکەی حەسەنزادەوە دنیا زانی ئەو کەسەی ئینشعابی کردووە، ئینشعابی نەکردووە بەڵکوو ئەوەی ئینشعابی نەکردووە، کردوویەتی.

ئەم شێوە بیر کردنەوەیە لە چ مەنتیقێکەوە سەرچاوە دەگرێ؟

## داهێنانی چەمکێکی بەکاکڵ: "مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب"

ئێمە هەمووومان دەبێ بۆ داهێنانی یەکێک لە پڕماناترین و ڕێپێشاندەرترین دەستەواژەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد سوپاسی کاک مستەفا بکەین؛ دەستەواژەی "مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب". بەڕاستی ئەو مەنتیقە نەخۆشە،

مرۆڤ تووشی زۆر هەڵوێستی ناتەبا و زۆر گوتەی وا دەکا زیاتر لە چاوبەستەکێ دەچن هەتا هەڵوێستی سیاسی.

هەڵەی ئینشعاب - هەرنەبێ بەشی زۆری - لە ئەستۆی ئەو کەسە یان ئەو کەسانەیە وا ئینشعاب دەکەن. ئەگەر لێکدانەوەکەی حەسەنزادە بە گشتی بکەین بە پێوەری هەڵسەنگاندنەکانمان هەرچی نیزامی حقووقی لە جیهاندایە دەبێ هەڵپەسێردرێ و تەنانەت دەبێ پێچەوانە بکرێتەوە و بۆنموونە ئافەرین لە کابرای پیاوکوژ بکرێ و کابرای خێرۆمەندیش بە قوڕی ڕەشدا بکرێ.

مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب ئەو مەنتیقەیە دارێک دەداتە دەستی حەسەنزادە هەردووک سەری پیسن: ئەگەر لایەنگری لە ئینشعاب بکا، نازانێ بۆ ئەو ئینشعابانەی هاوڕێیانی ئێستای لە کاتی دکتۆر قاسملوودا کردیان و ئەویش وێڕای دکتۆر قاسملوو بە توندی مەحکوومی کردن بڵێ چی. ئەگەر ئینشعاب شەرمەزار بکاتەوە، ئەوەتا خۆ بۆخۆشی دەستی لە دوایین ئینشعابدا هەبووە و ڕەمزی بزووتنەوەکەش بووە.

ئەو بەشە لە هاوڕێیانی ئێستای حەسەنزادە کە دوای کۆنگرەی هەشت ئینشعابیان لە حیزب کرد، بە باشترین شێوە ئەم بنبەستەیان ناسیوە وا حەسەنزادەی تێدا حاسێ بووە. ئەوانە هەر لەم دواییانەدا و بە بیانووی وڵام دانەوە بە کتێبەکەی کاک مستەفا و جنێوپێدانی، شەقی وەهایان لە سومعەی حەسەنزادە هەڵداوە کە بۆخۆشی دەزانێ بەڵام ناتوانێ وڵامیان بداتەوە. جەلیل گادانی لەو نووسراوە سەرانسەر جنێوەی بەڕواڵەت لە وڵامی "نسکۆ و دابڕان" و لە ژێر سەردێڕی "وڵامێک بە نسکۆ و دابڕان"دا نووسیویێتی، هەلەکەی بە باشی قۆستۆتەوە و لە باسی ئینشعابەکەی دوای کۆنگرەی هەشتدا، بە شڕترین و ڕیسواترین ئەدەبیات ، دکتۆر قاسملوو و ڕێبەرایەتی ئەو سەردەمی حیزبی - بە حەسەنزادەشەوە - تاوانبار کردووە و دیفاعی لە ئینشعابی ئەوکات کردووە و بە تەواوی پاکانەی بۆ لایەنی

خۆی کـردووە و ڕێبەرایـەتی ئـەوکاتی حیزبـی خـەتابار کـردووە و سـووچی ئـەو خوێنانـەش وا ئـەودەم بـەهۆی ئـەم ئینشعابەوە ڕژانـی خستۆتە ئەستۆی ئـەو لایەنـە یاسایی‌یەی حەسـەنزادەش ئـەوکات سـەر بـەوان بـوو. حەسـەنزادە بـۆی نـاکرێ لـە بەرانبەر گادانی‌دا نوتقی بگەڕێ. ئەگەر وە دەنگ دێ گادانی دەتوانێ پێی بڵێ کابرای خاس! بۆ ئەوەی ئەوڕۆ بۆ تۆ ڕەوایە ئەوکات بۆ ئێمە ڕەوا نەبوو؟ ئەگەر وە دەنگ نایە، ئـەوە وێڕای شـاتاندنێک کـە گـادانی بـەڕەوڕووی کـاک مسـتەفای دەکاتەوە، بەشێنەیی و لەسەرەخۆ - بێ ئـەوەی نـاوی حەسـەنزادە بێنـێ - شرتوشۆی ئەویشـی دەرێنـاوە و پـەڕوپۆی پێـوە نەهێشـتووە. کـاک مسـتەفا و لایـەنی کـاک مستەفا دەتوانن وڵامی شاتاندنی جەلیل گادانی بدەنەوە. هەر نـەبێ بۆ وڵام دانـەوە دەستیان نەبەستراوە. بەڵام عەبدوڵڵا حەسەنزادە و ئەو بەشە لە لایەنی ئینشعابی کە لەگـەڵ ئینشـعابەکەی پێشـووی گـادانی و دەسـتەکەی‌دا نـەبوون، چـی لەگـەڵ نەقورچی بەردەوامی لێرە بەدوای جەلیل گادانی و هاوبیرانی بکەن؟

کاتێک جەلیل گادانی لە ئەدەبنامەکەی‌دا دەنووسێ :"ئێوە دەبێ وڵامـی دنیـا و گەلی کورد و بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بدەنەوە کە نە تەنیا شەهیدتان کردن بـەڵکوو گوللەی خەڵاسیشتان لێدان."[١٤] بڵێی عەبدوڵڵا حەسـەنزادە تێنەگەیشتبێ مەبەستی گـادانی لـەم "ئێوە"یـەی دەبێ وڵام بدەنـەوە، بـەر لـە کـاک مسـتەفا، حەسـەنزادە خۆشیەتی؟ ئایا نازانێ گادانی هەلپەرستانە خەریکە حیزبی دێموکڕات و دکتـۆر قاسملوو و مـەلا عـەوڵا و کـاک مستەفا، وەکوو یـەک قـەرزداری دنیـا و گـەلی کورد و بنەماڵەی شەهیدان دەکا و بە قیمەتی بێ‌ئیعتبار کردنی حیزبی دێموکڕات و دکتـۆر قاسـملوو، خەریکـە ئیعتبـار بـۆ ئینشـعابە بـەدناو و ڕیسـواکەی دوای گۆنگرەی هەشت کۆ دەکاتەوە؟ بڕوام پێ بکەن حەسـەنزادەش تێگەیشتووە بـەڵام چ کەردەن؟

ئەندامانی ئێستای لایـەنی ئینشعابی بەسـەر دوو تـاقمدا دابـەش دەبـن: بەشێکیان **جووت ئینشعابن** (وەکوو گادانی) و هەندێکیشیان **تاق ئیشعابن** (وەکوو حەسەنزادە).

بەڵام بۆ چارەڕەشی تاق ئینشعابەکان، ئێستا باوی جووت ئینشعابەکانە. جووت ئینشعابەکان جگی سەر قولێیان پیێیە و تاق ئینشعابەکان بۆیان نییە وستەیان لەبەر بیێ، چونکە دەربارەی ئینشعابی دوای کۆنگرەی هەشت هەر زمانیان بگەڕێ، جووت ئینشعابەکان، گورزی ئینشعابی دوای کۆنگرەی سێزدەیان لە گورچووی قایم دەکەن و بێدەنگیان دەکەن. ئەو بۆگەنەی جەلیل گادانی لە وتارە قێزەون و نەفرەتڕشێنەکەی‌دا بڵاوی کردۆتەوە، لەڕاستی‌دا سەرچاوەگرتوو لە مەنتیقی نەخۆشی ئینشعابە کە حەسەنزادە بەر لە کۆنگرەی سێزدە بێزی لێ دەکردەوە، بەڵام ئێستا ناچارە لەگەڵی بسازێ و متەقیشی لەبەر نەیە.

ئێستا بەم شی‌کردنەوەیە ئایا ئێوەش لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە هاوڕا نین کە داهێنانەکەی کاک مستەفا و باس کردنی لە "مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب" نیشانەی بەرچاوڕوونیەکی سیاسیی جێگای ڕێزە؟ ئایا ئێوەش پێتان وا نییە ئەو مەنتیقە نەخۆشە، لایەنگرانی خۆی لە قاپێلکیکی قەپات و تەنگەبەردا زیندانی دەکا و بەرە بەرە پشوویان لێ دەبڕێ و ویشکیان هەڵدێنێ؟

## هیجری چۆن دەسەڵاتی ڕادەست کردەوە، حەسەنزادە چۆنی ڕادەست کردەوە؟

لە ڕوانگەی حەسەنزادەوە، ئەم کێشەیە لە ڕۆژی هەوەڵەوە چۆن دەستی پێ کرد؟ نووسەری "ڕوونکردنەوە" دەنووسێ: "لەو کۆنگرەیەدا [واتە کۆنگرەی دەیەم] بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی ئەمن بەرپرسیارەتیی سکرتێریم کە [کاک مستەفا] پێی وایە هەر لە ڕۆژی بەرێوە بۆ ئەو دانراوە و بە بەژنی ئەو بڕاوە. "زەوت" کرد و ئیدی (دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ) کە چ هەوڵ و تەقلایەکی نهێنیی بۆ لابردنی ئەو "زوڵم و ناهەقی"یە وەڕێ خست"[١٥]

بۆ تاقی کردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم گوتەیە، هەر بەتەنیا خودی حەسەنزادە بە شاهید دێنینەوە و پشت بە قسەی خۆی دەبەستین. حەسەنزادە کاتێک "نیوسەدە تێکۆشان"ی دەنووسی هێشتا نەچووبووە فازی ئینشعاب و بەم هۆیەوە هەندێک لە ڕاستییەکانی وەک خۆیان دەنووسییەوە و نەیدەشێواندن. بەر لە حەسەنزادە، هیجری بۆ ماوەیەک دوای شەهید بوونی دکتۆر شەرەفکەندی سکرتێر بوو. واتە حەسەنزادە پۆستی سکرتێری لە کاک مستەفا تەحویل وەرگرت. حەسەنزادە لە "نیوسەدە تێکۆشان"دا هەڵوێستی کاک مستەفا دوای کۆنگری دەیەم ئاوا لێک دەداتەوە: " لە کۆنگرەی دەهەمدا لەگەڵ ئەوەی بەخۆشییەوە سکرتێری حیزب [واتە کاک مستەفا] حازر بوو و لە باشترین وەزعی جیسمیدا بوو، کەسێکی دیکە بە سکرتێری هەڵبژێردرا [واتە حەسەنزادە]. بەڵام سکرتێری پێشوو وەک ئاڵوگۆڕێکی زۆر ئاسایی چاوی لێ کرد، لەبەردەم بەشدارانی کۆنگرەدا پیرۆزبایی لە سکرتێری تازە کرد و سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات خواست"[١٦]

گومان لەوە دانییە لەو دوو قسە ناتەبایەی حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوە" و "نیوسەدە تێکۆشان"دا دەیانکا، یەکێکیان ڕاستە و یەکێکیشیان ناڕاستە و بۆخۆشی لە هەر کەسێکی دیکە باشتر دەزانێ کامەیان ڕاستە و کێهەیان هەڵبەستراوە.

سینگفراوانی کاک مستەفامان لە کاتی تەحویل دانەوەی پۆستی سکرتێری لە زمان خودی حەسەنزادەوە بیست. ساڵ و زەمان تێپەڕین و ئەوجار ڕۆژێک نۆرەی ئەوە هات حەسەزادەش پۆستی سکرتێری تەحویل بدا . تەحویلی کێی بدا؟ هەر ئەو کەسەی لە کۆنگرەی دەیەمدا پۆستەکەی لێ تەحویل وەرگرتبوو. با بزانین حەسەنزادە چۆن پۆستەکەی تەحویل داوە. دیسان بۆ ئەوەی بەوە تاوانبار نەکرێین شتەکەمان هەڵبەستووە، لە زمان خودی حەسەنزادە ڕووداوەکە دەگێڕینەوە: "بەڵی ئەمن نەچوومە جێژنی کاک مستەفا [مەبەستی جێژنی کۆتاییی کۆنگرەی سێزدەیە] و داواشم لە دوو هاوڕێ کرد کە بچن تکای لێ بکەن لەسەر هەستی برینداری ئەو خەڵکە هەڵپەڕین نەگرێ. [مەبەستی ئەو خەڵکەیە دەنگی زۆرایەتییان

نەهێناوە!] بەڕاشکاویش گوتم پێی بڵێن حیزب سەرنەکەوتووە، ئەو سەر کەوتووە و پێش کۆنگرەش جێژنی سەرکەوتنی خۆی گرتووە. با جارێ لەوە زیاتر گاڵتە بە هەستی هاوڕێیانی جودابیر نەکا[!]. نازانم پێیان گوت یان نا، بەڵام دەزانم ئەو هەڵپەڕینی خۆی [!] گرت و ئەمنیش هەر وەک پێشتر ڕامگەیاندبوو نەچووم."[١٧]

ئێمە کە ئێستا خەریکین ئەم دێڕانە دەنووسینەوە، نەک هەر مێژووی حیزبی دێموکراتمان لەبەرچاوە و دەزانین ڕووداوەکان کەمۆزۆر چۆن ڕوویان داوە، بەڵکوو تا ڕادەیەک دیمەنی داهاتووەکەشیمان لەبەرچاوە و دەزانین ئەو دوو هەڵوێستەی حەسەنزادە باسیان دەکا، بەدەر لە دوو هەڵوێستی ئاسایی، دوو ئیمکانی جیاوازن کە ڕەچاو کردنی هەرکامەیان دەتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە حیزب بۆلای ئاراستەیەکی جیاواز ڕەکێش بکا. دوای حەسەنزادە و هجریش سکرتێر دێن و سکرتێر دەچن. هەڵبژاردن دەکرێ و دەسەڵات دەستاودەستی پێ دەکرێ. زۆرایەتی دەبێ بە کەمایەتی و کەمایەتی دەبێتەوە بە زۆرایەتی. فراکسیۆنێک لەگەڵ فراکسیۆنێکی دیکە هاوبەندی ساز دەکا و دواتر هاوبەندییەکان جیاواز لەوانەی پێشوو قەوارە دەگرنەوە. بەڵام لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و بێنەوبەرانەدا دوو ئیمکان بۆ حیزب لەگۆڕێدا هەیە کە هەر دووکیان تا ئێستا بە تاقی کراونەوە و ئەنجامی هەردووکیشیان ئاشکرا بووە و دڵنیام لە داهاتووشدا ئەگەری دووپات بوونەوە بۆ هەردووکیان هەیە:

**ئیمکانی هیجری:** بە مەیلی خۆت و بە سنگ فراوانییەوە دەسەڵات تەحویل بدەیەوە و دوای تەحویل دانەوەی دەسەڵاتیش لەناو هەمان حیزبدا و بە قبووڵ کردنی جێگەوپێگەی خۆت درێژە بە کاری سادقانە بدەی و دڵنیا بی لە ئەنجامی کاری جیددیدا دیسان دەتوانی پێگەیەکی پتەوتر وە دەست بێنییەوە و ئەگەریش وە دەستت نەهێناوە ئەوە خودی ئەم کارە جیددی و سادقانەیە بۆخۆت و بۆ حیزبیش باشترین ئەنجامە.

**ئیمکانی حەسەنزادە:** لە کاتی تەحویل دانەوەی دەسەلات لە قۆڵی خۆتەوە بە قۆڵێکی دیکە هەوڵ بدەی ئەوەندەی بۆت هەڵدەسووڕێ ئیمتیاز بۆ قۆڵەکەت وەربگری و ئەوەی لە هەڵبژاردندا وە دەستت نەهێناوە، بە پاڵەپەستۆ بێ یان بە خۆشی، لە ئیمتیاز وەرگرتنی جەناحیدا قەرەبووی بکەیەوە و ئەوەی لە سووریت دۆڕاندووە لە کایەی تێهەڵێنییەوە. ئەگەر توانیت تێی هەڵێنییەوە ئەوە خەنی لە خۆت، ئەگەر بۆشت تێهەڵنەهاتەوە، ئەوە ئینشعاب دەکەی و بەهاسانی لەناو کەمینەکەی خۆتدا دەبییەوە بە زۆرینە.

خوێنەر پێی وانەبێ ئێمە خەریکین لایەنگری لە قۆڵێکی ناو حیزب دەکەین و قۆڵێکی دیکە دەکوتین. ئێوە لەبەر تیشکی ئەو دابەشکردنەوە، تەنانەت بچوون ڕووداوی ناو حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش لەم چەند ساڵەی دواییدا بخوێننەوە. ئەو دوو ئیمکانە ئاماژەپێکراوە، دوو ئیمکانی گشتین کە ئەگەری وەڕاستگەڕانیان لە ناو حیزبی دێموکڕاتدا و لە دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتدا، لە ڕابردوو و لە داهاتوودا، لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا هەیە.

ئەوەی لە ڕابردوودا لەناو حیزبدا ڕوووی دا چوو و ڕۆیی. بەڵام ئەو دوو ئیمکانە لەناو حیزبدا، ئیمکانی هیجری و ئیمکانی حەسەنزادە، هەتا ئەو ڕۆژەی حیزب خەباتی سیاسی دەکا، دوو ئیمکانی بەردەستن و وەڕاست گەڕانیان حیزب بەرەو دوو چارەنووسی جیاواز دەبەن.

حەسەنزادە هەر لە باسی چۆنیەتی تەحویل وەرگرتنی دەسەلات لە کاک مستەفا دەنووسێ:

"بەڵێ لە هەردوو کۆنگرەدا سکرتێری کۆن [کاک مستەفا] پیرۆزبایی لە سکرتێری تازە[حەسەنزادە] کرد. بەو جیاوازی‌یەوە کە لە کۆنگرەی دەیەمدا سکرتێری تازە حیزبێکی دوو لەتی وەرگرت و بە هەوڵ و هیممەتی هەموو دڵسۆزان یەکی خستەوە. بەڵام لە کۆنگرەی سێزدەیەمدا سکرتێری کۆن هەروەک لە

وتەیەکی کورتی ئەوەدەمدا گوتی حیزبێکی یەکپارچەی وەک ئەمانەتێکی پیرۆز دایە دەستی سکرتێری نوێ و تکای لێکرد کە بیپارێزێ. کەچی دیتمان چۆنی پاراست"[١٨]

باسی ئەوە ناکەم ئەگەر حەسەنزادە جارێک حیزبی وەسەر یەک خستەوە، جارێکیش ئینشعابی لێ کرد و ئەگەر یەکێکیان بۆ شانازی پێوە کردن دەبێ، ئەوەی دیکەیان جێگای فەخر نییە. بەڵام با وای دابنێین کاک مستەفا حیزبی لەت کردووە بۆیە حەسەنزادەش لە جێژنی کۆتایی کۆنگرەی سێزدەدا بەشداری نەکردووە. پرسیاری گرینگ ئەوەیە خۆ کاتێک کۆنگرەی سێزدە کۆتایی پێ هات، هێشتا کاک مستەفا حیزبی لەت نەکردبوو. ئەوەی کە حەسەنزادە دوو ساڵ و نیو بەر لە لەتبوونی حیزب دەیزانی حیزب لەت دەبێ، لە دوو حاڵ بەدەر نییە:

- یان بەڕێزیان عیلمی غەیبی هەبووە

- یان لەتکردنی حیزب پرۆژەی خۆی بووە و هەر کە قۆڵەکەی دەنگی زۆرینەی نەهێناوە، ئەم پرۆژەیە بە نهێنی ستارتی لێدراوە.

ئەوەش کە هیجری هەر جارەی حەسەنزادە بووە بە سکرتێر بێپێچوپەنا چووە پیرۆزبایی لێکردووە و لە جێژنی کۆتاییی کۆنگرەکاندا ئەو پەیامە قەڵسەی بۆ نەناردووە کە ئەو هەڵپەرکێیە ڕاگرە و هەستی کەمایەتی بریندار مەکە، ڕێک نیشانەی ئەوەیە کە کاک مستەفا ئەوەی بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە کە لەتۆڵەی دەنگ نەهێنانەوەی قۆڵەکەیدا بچێ ئینشعاب بکا و حیزب لەت بکا.

بڵێی ورد بوونەوە لەو دیوی قسەکان و هەڵوێستەکان و کردەوەکان، زۆر نیەتی شاراوە و دیوی داپۆشراوی ڕاستییەکانمان بۆ ڕوون نەکەنەوە؟

حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوە"دا چەند جاران ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گوایە کاک مستەفا لە "نسکۆ و دابڕان"دا نووسیویە حەسەنزادە لە کۆنگرەی سێزدەدا

دەنگی نەهێناوەتەوە و هەموو جارێش لە وڵامی ئەو قسە خەیاڵییەی کاک مستەفادا دەڵێ کاک مستەفا ئاگادار نییە! و من لە کۆنگرەی سێزدەدا هەر خۆم نەپاڵاوتبوو هەتا دەنگ بێنمەوە.

کێ هەیە نەزانێ کاتێک کاک مستەفا بە پێداگرییەوە وەکوو یەکێک لە هۆیەکانی ئینشعاب بە دروستی باسی ئەوە دەکا کە ئەو جەماعەتە لە کۆنگرەی سێزدەدا دەنگیان نەهێناوە، مەبەستی قوڵ و جەناحی ئەوانە کە دەنگی زۆرینەیان نەهێناوە نەک شەخسی حەسەنزادە یان ئەندامە بەتەمەنەکانی دیکە. جگە لەوە حەسەنزادە بۆخۆی چاک دەزانێ دوای ئەوەی کاک خالید عەزیزیش بەناو بوو بە سکرتێری لایەنی ئینشعابی، لە زۆربواردا دەسەڵاتداری پشت پەردە بۆخۆی بوو نەک عەزیزی. دووپات کردنەوەی پەیتا پەیتای ئەوەی کە من هیچ پۆستێکم لە "حدک"دا نییە، گاڵتە کردن بە ڕێبەرایەتی ئەو لایەنە و لە سەرووی هەمووشیانەوە گاڵتە کردن بە خالید عەزیزی‌یە. ئەگەر خەڵک لە دەرەوەش نەزانن خۆ بۆخۆتان لەناو خۆتاندا دەزانن چ بەشێک لە ئیختیارات دراوە بە خالید عەزیزی و چ بەشێکیشی پێ نەدراوە. چ بەشێک لە ئیمکاناتی لایەنی ئینشعابی لەبەردەستی عەزیزی‌دا هەن و چ بەشێکیشی لەبەردەستی‌دا نین.

## کێشەیەکی قووڵتر لە پشت کێشەی ناوی حیزبەوە

لە پرسی ئینشعابدا ئەوەی زیاتر زەق دەبێتەوە کێشەی ڕووکەشی ناوی حیزبە. لە ئینشعابەکانی زەمانی دکتۆر قاسملوودا و لە ئینشعابەکەی دەورەی کاک مستەفاشدا ئەم کێشەیە زەق بۆوە. بەڵام دەزانین لە پشت ئەم کێشەیە، کێشەیەکی گرینگتر و قووڵتر خۆی حەشار داوە. حەسەنزادە لەم بارەوە لە "ڕوون کردنەوە"دا دەنووسێ: "بە پرسیار لە شارەزایان وام بۆ دەرکەوتووە کە ئەو کاتەی ناوێک لەسەر کەسێک سەبت کراوە، کەسی دیکە بێ‌ڕەزامەندیی ئەو هەقی نیە ئەو ناوە لەسەر

خۆی یان بۆ وێنە کۆمپانیای خۆی دابنێ. ئێستا نازانم لەجێدا ناوی حدکا کەنگێ و لەکوێ بەناوی ئەو و هاوبیرەکانی سەبت کراوە تا کەسی دیکە نەتوانێ کەلکی لێ وەرگرێ؟ لەوەش بگوزەرێین هەر بە پرسیار بۆم دەرکەوتووە ئەگەر دوو ناو تەنیا بە یەک پیت جیاوازی‌یان هەبێ هەردووکیان سەبت دەکرێن و ڕێگای تێکۆشانیان لە بواری خۆی‌دا پێ دەدرێ"[١٩]

حەسەنزادە باش دەزانێ کە لەپشت کێشەی ناو کێشەیەکی سیاسی زۆر گەورە خۆی حەشار داوە. ئەوەی مەنتیقی ئینشعاب هەتا ئێستا تێی نەگەیشتووە یا تێی گەیشتووە و خۆی لێ نەبان کردووە ئەوەیە کە:

**لە هەناوی کۆنگرەیەکی شەرعی و یاسایی‌یەوە ناکرێ دوو حیزبی هاوناو کە وەکوو یەک یاساییین و شەرعیەتییان هەیە لە دایک بن**

حەسەنزادە پێی وایە باس باسی ناوی کۆمپانیایەک یا دوکانێکە کە بە گۆڕینی پیتێک کێشەکە چارەسەر بکرێ. لەکامە کۆنگرەی کامە حیزبی کامە وڵاتدا دوای کۆنگرەیەکی یاسایی، دوو حیزبی ناتەبا کە ناوێکیان هەیە و وەکوو یەکیش شەرعی و یاساییین دێنە مەیدانەوە؟ حەسەنزادە باش دەزانێ لێرەدا قسە لەسەر تاقە پیتیك یا تاقە وشەیەک نییە کە ئەگەر گۆڕیت تۆش دەتوانی ناوی خۆت سەبت بکەی. قسە لەوە دایە لەم دوو حیزبە کە هەردووکیان ئیددیعای ئەوە دەکەن حیزبی دێموکڕاتن و درێژەی یاسایی و سروشتی کۆنگرەیەکی یاساییین، یەکیان شەرعی و یاسایی‌یە و یەکێکیشیان ساختە و پێشێلکاری پێڕەو و پرۆگرامە.

بەڵام تەنزی خۆشی مەنتیقی ئینشعاب لەوەدایە کەسێکی وەک جەلیل گادانیش دێ و هەر ڕاست ئەم قسانەی حەسەنزادە دەقۆزێتەوە و تەنانەت ڕستە و وشەکانیشی ناگۆڕێ و پاساو بۆ ئینشعابەکەی خۆی دێنێتەوە و حەسەنزادەشی پێ دەکوتێ. گادانی لە ئەدەبنامەکەی‌دا دەڵێ:

"مەگەر ناوی حیزبی دێموکڕات قەباڵەکەی بە ناوی ئێوە نووسرابوو؟ ئاخر ئێمە "ڕێبەڕایەتی شۆڕشگێڕ"مان لە ناوەکەمان زیاد کردبوو تا فەرق و جیاوازی هەبێ. لە دنیای پێشکەوتوودا تەنانەت ئەگەر دوو ناو ویرگوولێکیان فەرق بێ سەبت دەکرێ و بە ڕەسمی دەناسرێ."[٢٠]

بۆ هەموولایەک ڕوون و ئاشکرایە شەڕی گادانی، ئینشعابی حەسەنزادە نییە بەڵکوو ئینشعابی خۆیەتی و ڕوونتریش ئەوەیە کاتێک باسی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دەکا، لە ڕستەی "مەگەر ناوی حیزبی دێموکڕات قەباڵەکەی بە ناوی ئێوە نووسرابوو؟"دا، ئەم "ئێوەیە" حەسەنزادەش وەبەر دەدا. حەسەنزادە لەگەڵ ئەوە چ بکا؟

تاقە قسەیەکیش بکا، گادانی هەر ئەو قسەیە توندتر و دەمهەراشانەتر لە گورچووی خۆی قایم دەکاتەوە. دە وەرە ئافەرین بۆ کاک مستەفا مەنێرە کاتێک لە "نسکۆ و دابڕان" دا دەڵێ:

" ئەگەر ئینشعاب یاساییە بۆ چی ئینشعاب کردن لە لایەنی ئینشعابی ناتوانێ یاسایی بێ؟ ئەگەر بڵێین ئینشعاب کردن لە لایەنی ئینشعابی یاسایی نییە هەر بەو بەڵگە و پاساوە ئەو راستییەمان سەلماندووە کە لە بنەڕەتدا ئینشعابی خودی ئەو لایەنەش یاسایی نەبووە و ئەگەر ئینشعابێکی تریش لەو لایەنە یاسایی بێ، ئەوا ئەم زنجیرە بەتاڵە دەتوانێ هەتاهەتایە هەر درێژەی هەبێ و بەم چەشنە هەر لەجێدا فەلسەفەی کاری تەشکیلاتی و پرەنسیپی کاری حیزبی دەچێتە ژێر پرسیار و جیاوازی نێوان پێکهێنانی تەشکیلات و لێکهەڵوەشاندنەوەی تەشکیلات دەسڕدرێتەوە، ئا لێرەدایە ناتەبایی لە هەناوی ئینشعابەوە لە دایک دەبێ و ئەم "زا" نەحەجماوە "ماکە" نەچەسپاوەکەی خۆی هەڵدەلووشێ و هەڵیدەتاوێنێ و ئەوەی قەرار بوو لە خەریتەی خەیاڵدا ببێ بە خانی خانان لە ئەرزی واقیعدا دەبێ بە شتێکی دیکە."[٢١]

حەسەنزادە کە ئێستا دەربارەی "ناو"ی حیزب ئەم قسانە دەنووسێ بزانن ئەوکات هەر لەسەر کێشەی ناو - هەڵبەت بە حەق و زۆر بەجێ - چی نووسیوە؟

"ئەگەر جیا بوونەوەی ئەو دەستەیە لە کادر و ئەندامانی حیزب، ئەویش بەو شێوە ناشیرنە و لەو کاتە ناسکەدا زەبرێکی گەورەی لە بزووتنەوەی میللی - دێموکڕاتیکی گەلەکەمان وەشاند، دانانی ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەسەر خۆیان زیانێکی گەورەتری بە حیزب و بزووتنەوە گەیاند. جێگای وەبیر هێنانەوەیە ئەوان هەر بەوەندەشەوە نەوێستان و هەر وەک بیانەوێ شەڕ بفرۆشن و شەڕ هەڵایسێنن تەواوی ڕادیۆ و کۆمیتە و هێز و بە کورتی هەموو شتێکیان هەر بەو ناوانە کرد کە حیزب داینابوون. ئەمە گیروگرفتێکی زۆری پێک هێنا. حیزبی دێموکڕات بەڕێگای دۆستان و لە ڕێگای ڕاگەیاندنی ڕەسمی‌یەوە هەوڵێکی زۆری دا ئەو دۆستانە ناوێکی دیکە لەسەر خۆیان دانێن و "ئاڵۆزی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی خەباتگێڕ و دێموکڕات و شۆڕشگێڕ" دا دروست نەکەن. بەڵام بەداخەوە سوودی نەبوو."[٢٢]

گەلۆ بڵێی نووسەری ئەم پاراگرافە و ئەوەی پێشووتر هەریەک کەس بن؟ بڵێی نەکرابایە ئەم قسانەی دوایی بە نەختێک دەسکارییەوە لە زمان ڕێبەرایەتی ئێستای حدکاوە بە لایەنی ئینشعابی ئێستا بگوترێ؟ بڵێی لەم دوو بۆچوونە یەکیان ڕاست و یەکیشیان هەڵە نەبێ؟ بێ‌گومان وایە بۆچوونی یەکەم هەڵەیە و ئەمەیان ڕاستە و خۆزگە حەسەنزادە لەسەر هێڵە ڕاستەکە ماباوە و خەتی خۆی نەگۆڕیبا و ئێستا مەجبوور نەبا لە بەرانبەر ئەدەبنامەکەی گادانی‌دا جینگڵان بدا و دەنگیشی لەبەر نەیە.

هەر لە باسی کێشەی ناودا حەسەنزادە پاش ئەم پاراگرافە ئاماژەپێ‌کراوە لە "نیوسەدەتێکۆشان"دا باسی ئەوە دەکا چۆن ئەم کێشەیە کارەساتی نایەوە. کاک مستەفاش لە "نسکۆ و دابڕان"دا دەنووسێ: " بە گشتی ئەو کارە [زەوت کردنی

نایاسایی ناوی حیزب دێموکڕات] لە کوردستاندا کارەساتی ناوەتەوە."[٢٣] حەسەنزادە لە "ڕوون کردنەوە"دا خەتی لە ژێر ئەم ڕستەیەی کتێبی کاک مستەفا داکێشاوە: (لە کوردستاندا کارەساتی ناوەتەوە) و تێگەیشتنی خۆی لەم ڕستەیە ئاوا لێک داوەتەوە: "ئەوەش کە دەنووسێ "لە کوردستان کارەساتی ناوەتەوە" تەواو نیشانەی ئەوەیە کە کردەوەکانی خۆی نەک بە شەرعی و قانوونی بەڵکوو بە شەرع و قانوون دادەنێ و ئەوەی سەرپێچی‌یان لێ بکا بە یاغی و تاغی دەزانێ"[٢٤] بەڕاستی لە کوێی ئەم قسەی کاک مستەفا ئەم خوێندنەوەیە هەڵدێنجرێ کە ئەو خۆی بە شەرع و قانوون دەزانێ؟ هەر لە درێژەی ڕستەی پێشوودا نووسەری ڕوونکردنەوە شتێکی زۆر سەیرتر دەنووسێ: "بەڕاست ڕۆڵەی کورد کوشتن و بە دەستی یەکتر بە کوشت دانیان بۆ ئەوە دەبێ کوردێک بە شانازییەوە یادی بکاتەوە و خۆی پێ ڕانێ؟"[٢٥] حەسەنزادە باسی چی دەکا؟ ئایا کاک مستەفا بە نووسینی ئەم ڕستەیە کە "ئەم کێشەیە لە کوردستاندا کارەساتی نایەوە" شانازی بە کوشتنی ڕۆڵەی کورد و بە یەکتر بەکوشت دانیان دەکا؟ بەکارەسات زانینی شتێک شانازی کردن بەو شتەیە؟ ئەوە بۆ قەزاوەتی خوێنەر بەجێ دێڵین. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە و وردتر لێی دەڕوانین.

## دەستەبەندیی نهێنی و خەیانەتێکی خەیاڵی!

ساڵانێکە لایەنی ئینشعابی بۆ پاساودانی ئینشعاب و جێگیر کردنی ئەم بۆچوونە کە کارێکی دزێوتر لە ئینشعابیش لە گۆڕێدا هەیە کە ئەویش کاک مستەفا تێیەوە گلاوە و بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم بۆچوونە کە هەڵەی ئینشعاب خۆی بەدوای هەڵەیەکی دیکەدا هاتووە، باسی ئەوە دەکەن گوایە کاک مستەفا بەر لە کۆنگرەی سێزدە دەستەبەندیی نهێنی کردووە و سەرکەوتنەکەشی لە کۆنگرەی سێزدەدا بەهۆی ئەم دەستەبەندییە نهێنییەوە بووە!

لە دەقی "ڕوونکردنەوە"دا هەم بەشێک لە نامەی کاک مستەفا بەر لە کۆنگرەی سێزدە بۆ ئەندامێکی حیزب لە دەرەوە و هەم وڵامی ئەو کەسە بۆ کاک مستەفا هاتووە. ورد بوونەوە لە دەقی ئەم دوو نامەیە زۆر ڕاستی مێژووییمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و ڕادەی ڕاستگۆ بوونی لایەنی ئینشعابیمان بۆ دەردەخەن.

لایەنی ئینشعابی سەرەتای چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە بۆ کۆنگرەی دوازدە و بڕیارێک کە لەم کۆنگرەیەدا پەسند کراوە و دواتر گوایە کاک مستەفا لە بەرەبەری کۆنگرەی سێزدە دا ئەم بڕیارەی پێشێل کردووە. حەسەنزادە ئاوا باسی بڕیارەکەی کۆنگرەی دوازدە دەکا:

"لە کۆنگرەی دوازدەدا بڕیارێکم پێشنیار کرد و بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا کە لە ڕۆژی دوای کۆنگرەوە هەرچەشنە تێبینی و ڕەخنەیەکی ئەندامانی حیزب لە کەسەکان یان ئۆرگانەکانی حیزب لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبیدا ئازادە بە مەرجێ سنووری ئەدەب و نەزاکەت بپارێزرێ و ڕێگا بە لایەنی ڕەخنەلێگیراویش بدرێ وەڵامی خۆی بداتەوە. لە بەرامبەردا هەرچەشنە تێکۆشان و یارگیرییەکی نهێنی بە قازانجی شەخسی و گرووهی تاوانە تا سەرحەددی خەیانەت و لەسەر کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانە بەرپرسەکانە خیلافکاران بە توندترین شێوە سزا بدەن."

کاک مستەفا لە سەروبەندی کۆنگرەی سێزدەدا نامەیەک "تەنیا بۆ چەند کەسێک"(وەک بەئاشکرا لە نامەکەی ڕەحیمی قادریدا باس کراوە) بۆ ئەندامانی دەرەوە دەنووسێ و هەندێک بابەت دێنێتە گۆڕێ کە ئێستا بابەتەکان بە وردی شیدەکەینەوە. لایەنی ئینشعابی ئەو نامەیە کە بۆ ئەو چوار پێنج کەسە چووە بە بەڵگەی دەستەبەندیی نهێنی و بە هۆی سەرکەوتنی قۆڵی کاک مستەفا لە هەڵبژاردنی کۆنگرەی سێزدە دەزانن! دەی کاتێک قۆڵی کاک مستەفا ئاوا بە دەستەبەندی نهێنیێ هەڵبژاردنەکەی بردۆتەوە قۆڵی حەسەنزادەش بۆی هەیە ئینشعاب بکا.

ئیددیعای لایەنی ئینشعابی لەم بارەیەدا سەرلەبەری بێبنەمایە و لە پاساوێکی سووک‌وچرووک بۆ دووبەرەکی نانەوە و ئینشعاب زیاتر هیچی دیکە نییە. بەڵگەکانی ئەم بۆچوونەشمان ئەوانەن:

**یەکەم.** لە هەموو وڵاتانی جیهاندا و لەناو هەموو حکوومەت و حیزب و ڕێکخراوەکاندا کەش‌وهەوای هەڵبژاردن، کەش و هەوایەکی هەڵاوارده واتە (استثنایی)یە. لەم کەشەدا کە لەگەڵ کەشی زاڵی باقی کاتەکان جیاوازی زۆر گرینگی هەیە، هات‌وچۆ و یەکتر دیتن و کۆبوونەوە و قسە کردن لە هەڵبژاردن و گەڵاڵە کردنی دروشم و بەڵێنی دان و تەبلیغات و پێوەندی گرتن و نامە گۆڕینەوە و دەیان و سەدان هەوڵی دیکە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. تەنانەت لە ئێرانی ئیستاشدا کە هەڵبژاردنەکان بە چەندەها شێوەی ئالۆز و پێچەڵپێچی یاسایی و نایاسایی بەرتەسک دەبنەوە، دیسان ئێزن بە کەس و لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن دەدرێ پێکەوە هاڤرکێ و ڕکەبەرایەتی بکەن. نامەکەی کاک مستەفا لەچاو شێوە پێچەڵاوپێچەکانی کەمپەینە ئینتخاباتییەکان ئەوەندە ساکار و نەجیبانەیە لە گوتن نایە.

**دووەم.** بە شاهیدی زۆر کەس لە ئەندامانی حیزب و تەنانەت کەسانی غەیری ئەندامیش بەر لە کۆنگرەی سێزدە کەمپەینێکی بەربڵاوی ئینتخاباتی لە لایەن لایەنی ئینشعابی‌یەوە وەرێ خرا و بە ئیمەیل، ڕایەڵەیەکی فرەوان لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتانی دەرەوەش ساز کرا. هەندێک جار بەڵگەی مەحرەمانە و نهێنیی تەشکیلاتیش، بە دژی قۆڵی کاک مستەفا تەنانەت بۆ کەسانی غەیری ئەندامیش دەچوو. چەند کەسێک لەناو لایەنی ئینشعابیی ئێستا، لەم بارەیەدا زۆر چالاک بوون کە هیوادارم لە کاتی خۆیدا بتوانین ناوی ئەو کەسانە و ئەو بابەتانەی بۆ ئەم لاو ئەولایان بەرێ دەکرد، بڵاو بکەینەوە. ئەگەر ناوی نامەکەی کاک مستەفا دەستەبەندیی نهێنی بێ، چاکتر وایە لایەنی ئینشعابی بە تەواوی بێدەنگی لەم بابەتە بکا چونکە دەستەبەندی نهێنی لایەنی

ئینشعابی ـ بەبێ زێدەڕۆیی ـ سەدان قات بەربڵاوتر لە هی ڕێبەرایەتی ئیستای حیزب بووە.

**سێهەم.** موخاتەبی نامەی کاک مستەفا لە وڵامی نامەکەدا بە ئاشکرا دەنووسێ کە "نامەکە[ی کاک مستەفا] تەنیا بۆ چەند کەسی تایبەتی ناردرابوو". کەچی ئەو موخاتەبە لە هەوڵێکی شێوە کەمپەیندا بۆ ئەوەی دژایەتی کاک مستەفا بکا و بە دەستەبەندی تاوانباری بکا، نامەکەی کاک مستەفا "بۆ زۆر لە هاوڕێیان، بە تایبەتی ئەندامانی ئورووپای حیزب" دەنێرێ و "دەگەڵ زۆر لە هاوڕێیان" دەیهێنێتە گۆڕێ. هەر بەراورد کردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە کاک مستەفا نامەکەی بۆ ناردبوون لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی موخاتەبەکە بۆ تاوانبار کردنی کاک مستەفا پێوندی لەگەڵ گرتبوون، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەمان پێشاندەدا کە کامە قۆڵ لە سەروبەندی کۆنگرەدا زیاتر دەستەبەندی دەکرد و ئامانجدارتر و ڕایەڵکەییتر کاری دەکرد و زیاتر ئەندامەکانی پێکەوە لە پێوەندیدا بوون.

**چوارەم.** ئەو موخاتەبەی نامەکەی کاک مستەفا، لە قۆڵی خودی کاک مستەفا نەبووە و لە قۆڵی بەرانبەری بووە. کەچی کاک مستەفا ویڕای چەند کەسی دیکە نامەکەی بۆ ئەویش ناردووە. کەوایە هەر لە بنەڕەتدا کارەکەی کاک مستەفا کارێکی جەناحی نەبووە. ئەگەر جەناحی با، نامەکەی بۆ کەسێکی غەیری جەناحی خۆی نەدەنارد.

**پێنجەم.** سەرنجڕاکێشترین بابەت کە شانتاژی لایەنی ئیشعابی لەم بارەیەدا پووچەڵ دەکاتەوە، ورد بوونەوە لە ناوەرۆکی نامەکەی کاک مستەفایە کە بەخۆشییەوە بەشێک لە دەقی ئەم نامەیە لە "ڕوونکردنەوە" دا هاتووە. کاک مستەفا لە بەشێک لە نامەکەیدا دەنووسێ:

"تـەرکیبێک لـە لایـەن ئەنـدامانی کـۆنگرەوە بـە شـێوەیەکی دێموکراتیـک هەڵبژێردرێ کە وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە نوێیە بێ"[٢٦]

با مێژوو و خەڵکی کورد شاهید بن خەیانەتەکەی کاک مستەفا لە ڕوانگەی لایـەنی ئینشـعابی‌یەوە چییـە. جـارێکی دیکـەش بیخوێننـەوە: تـەرکیبێک بـە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێردرێ کە وەڵامدەری هەلومەرجی نوێ بێ. لە نامەکەی کاک مستەفادا نە باسی فێڵ و تەڵەکەی ئینتخاباتی کراوە و نە باسی بـەلارێدا بردنـی هـەڵبژاردن کـراوە. لەوانەیـە نووسـەری ئـەم دێڕانـە لـە مـەنتیقی سیاسەت باش حاڵی نەبێ. کەواتە با هەموو ئەو کەسانەی لە سیاسەت شارەزان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە. ئایا یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی ساغ و سەلیم ئەوە نییە تەرکیبێک کە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە بە شێوەیەکی نەرم و نیان و بە مێکانیزمێکی دروست، لابچێ و تەرکیبێکی دیکە بە شێوەیەکی دێموکراتیک بێتە سەرکار؟ ئایا لە وڵاتانی تریش‌دا ئەو کارە ناوی خەیانەتە؟

**شەشەم.** حەسەنزادە لـە کتێبـی ئـەزموونی خـەباتدا دەقـی نامەکـەی کـاک مسـتەفای بـڵاو نـەکردبۆوە و لـەوێ لـە نـەبوونی نامەکـەی کـاک مسـتەفادا بەشێوەیەکی تەحریف‌کراو باسی ناوەرۆکی نامەکە دەکا. حەسەنزادە لە ئەزموونی خەباتدا دەڵێ کاک مستەفا گوتوویەتی بەرنامە هیچ نییە و هەر دەبێ نەفەرەکان بگۆڕێن.[٢٧]

دەقـی قسـەکەی کـاک مسـتەفا ئەمەیـە: "لـە پێشـدا دەبـێ ئـاڵوگۆڕ لـە ڕێبەرایـەتی‌دا پێـک بـێ دوایـە قسـە لـە بەرنامـەی سیاسـی و تەشـکیلاتی نـوێ بکرێتـەوە، چونکـە بـە مانـەوەی ئـەو ڕێبەرایەتی‌یـە قسـە کـردن لـە بەرنامـەی نـوێی سیاسی زەحمەتێکی بێ‌سەمەرە."[٢٨]

لێرەدا بـا کـەس بـە داوەر نـەگرین و داوەرییەکـە حەواڵـەی ویژدانـی نووسـەری "ڕوونکردنەوە" بکەین کە جیاوازی ئەو قسەیە کە "بۆ گۆڕینی بەرنامـەی سیاسـی

پێویستیمان بە کەسانی نوێ هەیە" لەگەڵ ئەوە کە "بەرنامە هیچ نییە و هەر دەبێ نەفەرەکان بگۆڕێن" لە کوێوە هەتا کوێیە؟

قسەی کاک مستەفا لەم نامەیەدا لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

١. بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەیەکی نوێ دابڕێژین پێویستیمان بە ڕێبەڕایەتییەکی نوێ هەیە.

٢. ڕێبەرایەتی نوێ دەبێ بە شێوەیەکی دێموکڕاتیک هەڵبژێردرێ.

ئەوە کۆی ڕاسپێرییەکانی کاک مستەفا بۆ دەستەبەندیی نهێنی! بەر لە کۆنگرەی سێزدەیە کە دوای دەنگ نەهێنانەوەی قۆڵی حەسەنزادە وەکوو قەوانێکی شڕ کە هەرگیز لێی ماندوو نابن لێی دەدەنەوە و وەکوو پیلانێکی مەترسیدای خەیاڵی، هۆیەکانی دەنگ نەهێنانەوەی خۆیانی پێ دادەپۆشن؛ وەک ئەوەی بڵێی ئەگەر کاک مستەفا بەر لە کۆنگرەی سێزدە ئەم نامەیەی بۆ چەند کەسێک لە ئەندامانی حیزب نەناردبا، ئەوە قۆڵی حەسەنزادە دەنگی زۆرینەی دێناوە و پێویست نەبوو بۆ قەرەبوو کردنەوەی دەنگ نەهێنانەوەیان ئینشعاب بکەن.

دڵنیام ڕووداوی هاوچەشنی ئەم ڕووداوانە و بۆچوونی هاوشێوەی ئەم بۆچوونانە لە داهاتووشدا دووپات و چەندپات دەبنەوە. هەر بۆیە شی‌کردنەوەی وردی ئەم ڕوانینانە نەک هەر بە مانای بەبا کردنی کای کۆن و بادانەوە بۆ ڕووداوەکانی زوو نیە بەڵکوو بۆ سەقامگیر کردنی فەرهەنگی کار و هەڵسووڕانی سیاسیی مۆدێرن پێویستییەکی حاشاهەڵنەگریشیان هەیە. ئێمە لەم نووسراوەیەدا ئەوەندەی چاومان لە ڕابردووە، دوو ئەوەندەش چاومان لە داهاتووە. ئەوەندەی بۆ ڕوودانی ئەم ڕووداوانە لە ڕابردوودا بەداخین ئەوەندەش بۆ ڕوودانەوەیان لە داهاتوودا بەهۆی شی‌نەکردنەوە و لێوردنەبوونەوەیان لە ئێستادا بەپەرۆشین.

ڕێبەرایەتی ئێستای حیزب چۆن توانی لە کۆنگرەی سێزدەدا دەنگ و متمانەی زۆرایەتی وە دەست بێنێ؟ وڵامی حەسەنزادە ئاوایە: "بەڵێ، کاک مستەفا زۆرایەتیی کۆنگرەی سێزدەی لەو ڕێگا "شەرعی"یەوە بەدەس هێنا و لە کۆنگرەدا کە دەیتوانی ئاکامەکان دیاری بکا، پێشی بە هەڵبژێرانی ژمارەیەک لە باشترین و بەتواناترین کادرەکانی حیزب گرت، هەرچونکە وەک ئەویان بیر نەدەکردەوە."[٢٩]

با وای دابنێین ئەم قسەیەی حەسەنزادە بەتەواوی ڕاستە. پرسیارێکی گرینگ بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوومان ئەوەیە کاک مستەفا چۆن پێشی بە هەڵبژێرانی ئەو کادرانە گرت؟ ئایا لە جیاتی ئەندامانی کۆنگرە دەنگی دا؟ ئایا دەغەڵی لە ژماردنی دەنگەکان کرد؟ ئایا هەڕەشەی لە ئەندامانی کۆنگرە کرد هەتا بەم شێوەیە دەنگ بدەن؟ لە خراپترین حالەتدا ڕێی تێدەچێ قەناعەتی بە زۆرایەتیی کۆنگرە هێنابێ هەتا ئەندامەکان بەم شێوەیە "هەڵبژێرن". پرسیار ئەوەیە ئایا توانای قەناعەت پێهێنان عەینی لەکار کردنی ڕێساکانی دێموکراسی نییە؟ ئایا ئەوەی کە ئەو توانیویەتی قەناعەت بە ئەندامانی کۆنگرە بێنێ و ئێوە نەتانتوانیوە، نیشانەی سستی و لاوازی و هەڵە و پەڵەی ئێوە و نارازی بوونی زۆرایەتی لە شێوەی ڕێبەرایەتیی ئێوە نەبووە؟ بابەتێکی زۆر گرینگ و ژیانەکی دیکە ئەوەیە کاک مستەفا کە ویستوویە قۆڵێک لە زۆرایەتی حیزب لابچێ و قۆڵێکی دیکە بێتە سەرکار، بە دانپێداهێنانی خودی حەسەنزادە دە ساڵان کاری بۆ کردووە واتە لەو ڕۆژەوە حەسەنزادە بووە بە سکرتێر. لە دنیای سیاسەتدا چ شێوە خەباتێک لەوە ماقووڵتر ومۆدێرنترە کەسێک یان لایەنێک بالاترین پۆستی ناو حیزبێک بە بێ هەرا نانەوە ڕادەستی کەس و لایەنی ڕکەبەری بکا و دوایە دە ساڵان دابنیشێ کاری سیاسی بکا بۆ ئەوەی بتوانێ پۆستەکە و دەسەلاتەکە لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دیکەوە وە دەست بێنێتەوە؟

دیسان بەرەوڕووی پرسیارێکی زۆر گرینگ دەبینەوە کە ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە: کاک مستەفا دە ساڵ کاری کرد هەتا بتوانێ لەناو کۆنگرەیەکی

یاسایی‌دا بە شێوەیەکی دێموکڕاتیک دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بێنێتەوە. ئێوە دوای کۆنگرەی سێزدە، بۆ نەتانتوانی چوار ساڵ کار بکەن و قەناعەت بە خەڵک بێنن و لە کۆنگرەی دواتردا ئێوەش پێش بە هەڵبژێرانی قۆڵی کاک مستەفا بگرن؟ ئێوە لە جیاتی گرتنەبەری ئەم بژاردە دێموکڕاتیک و مۆدێرنە چیتان کرد؟ ئینشعابتان کرد. خۆخەریک کردن بەم تەحلیلانە هەوێنی یەکگرتنەوەیەکی دروست و زامنی پێشگرتنێکی ئوسوولی بە ئینشعابی دیکەیە.

کەسێک کە ڕەگەڵ ئینشعاب دەکەوێ و دەبێ بە ڕەمزی بزووتنەوەی ئینشعاب، لە نزمترین شێوەی کاری جەناحییەوە گلاوە و ناتوانێ ژێستێکی ئەوپەڕجەناحی بگرێ. حەسەنزادە خۆی بە بەشێک لە جەناحەکان حیساب ناکا. دەڵێ لە کۆنگرەی دوازدە دا ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ١٢ بە ١٠ بووە. ١٢ کەس لە قۆڵی زۆرایەتی پێشوو بووە و ١٠ کەسیش لە قۆڵی کەمایەتی کە دواتر بوون بە زۆرایەتی. ئەدی کەسەکەی دیکە سەر بە چ قۆڵێک بووە؟ کەسەکەی دیکە بۆخۆیەتی کە گوایە سەر بە هیچ قۆڵێک نەبووە. پرسیار ئەوەیە کەسێک کە بەر لە کۆنگرەی سێزدە بە دژی ئینشعابی قۆڵی بەرانبەری بووە و بۆخۆشی سەر بە هیچ قۆڵێک نەبووە، چۆنە دوای کۆنگرەی سێزدە لەگەڵ قۆڵێک، ئینشعاب لە حیزب دەکا و ئەم کردەوە نالەبارە لە کارنامەی سیاسیی خۆیدا تۆمار دەکا؟ ئایا جگە لەوەی بۆخۆی سەر بەم قۆڵە بووە کە لە کۆنگرەی سێزدەدا نەیتوانیوە دەنگی زۆرایەتی بێنێتەوە هیچ هاندەرێکی بەهێزی دیکە دەیتوانی حەسەنزادە بەرەو هەڵدێری ئینشعاب پاڵ پێوەنێ؟ حەسەنزادە باش دەیزانی دژایەتی کردن لەگەڵ ئینشعاب هەڵوێستی ڕێبەرانی شەهیدی حیزب بووە و لایەنگری کردن لە ئینشعاب هەڵوێستی نەیارانی دکتۆر قاسملوو بووە؛ (ئەو نەیارانەی تەنانەت کاتێک ئێستاش ئەدەبنامە دەنووسن لەژێرچەتری پشتیوانیی لایەنەکەی حەسەنزادە هێرش بۆ سەر دکتۆر قاسملوو دەکەن) پرسیار ئەوەیە حەسەنزادە کە وەک بۆخۆی دەڵێ دوای قاسملووش دەیتوانی هەموو ئەفکاری

دکتۆر قاسملوو بنووسێتەوە، چۆن بوو لەم بارەیەدا ئەفکاری دکتۆر قاسملووی پشت‌گوێ خست و ئەفکاری نەیارانی قاسملووی ڕەچاو کرد؟ ئایا جگە لە هەلوێستێکی جەناحی خەست و دەمارگرژانە شتێکی تر دەیتوانی حەسەنزادە دوای تەمەنێک خەبات، بەرەو ئەم نسکۆیە ببا؟ کاری جەناحی بە هیچ شێوەیەک نەنگ و ڕیسوایی نییە. لە کاری سیاسی و تەشکیلاتی‌دا دیاردەی لەم چەشنە زۆر ئاساییین. ئەوەندەی نان خواردن و خۆ تێر کردنی کرێکارێک بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر کار بکا و ئەوەندەی خوێندنەوەی مامۆستایەک بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر دەرس بلێتەوە ئاساییین. بەڵام قسە لەوەدایە حەسەنزادە خۆی بە کەسێکی ئەوپەڕجەناحی دێنێتە ئەژمار و لەوەش خراپتر بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی جەناحی ئینشعابیش دەکا و دیسان لەوەش خراپ‌تر دەبێ بە "ڕەمزی بزووتنەوەی ئینشعاب"یش. لەانە خراپ‌تر هەڵوێستی پێشووی خۆی دەربارەی ئینشعاب هەم بە قسە و هەم بە کردەوە لەژێر پێ دەنێ و پاساو بۆ ئینشعاب دێنێتەوە و ئاوێکی خراپ بۆ بەرەکانی داهاتوو دەڕێژێ و نەریتێکی ناحەز دەکاتە باو و لەهەمووشیان خراپ‌تر ئازایانە حاشا لە هەموویان دەکا و خەڵک و مێژوو بە ساویلکە دەزانێ.

نموونەی ئەم بەساویلکە زانینە زۆرە. حەسەنزادە بۆ نیشاندانی جێگە و پێگەی ئەوپەڕ جەناحیی خۆی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە:

" کاک مستەفا سوورە لەسەر ئەوەی من بە "ڕێبەر"ی باڵی زۆرینە دابنێ. کاک مستەفا و هەمووان لەبیریانە کە جارێکیان لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بەدەردی دڵ لەوەی هەرکام لە لایەنەکان منی لە قۆڵەکەی دیکە دەژمارد، گوتم: هاوڕێیان! خۆ جەناحبازی عار نیە، ئەوە نیە هەمووتان هەریەکە لە جەناحێکن؟ دەی باشە هەرکامتان من لە جەناحی خۆی وردەگرێ با بفەرموێ لە سبەینێوە لە خزمەتیدام. هیچ باڵێکیان ڕازی نەبوون لە جەناحی خۆیانم قبووڵ بکەن و لەوێدا گوتم: بەڕاستی هەر ئەمە بەڵگەی بێ‌لایەنیی من نیە؟"[٣٠]

پرسیار ئەوەیە نیشانەی وەرگیران لە جەناحێکدا چ بوو کە حەسەنزادە وە سبەینێ ڕا زانی لە هیچ یەک لە جەناحەکاندا وەرنەگیراوە؟ ئایا دەبووایە فۆرمێکی سەبتی نێوی ناو جەناحەکانی پێ پڕ کراباوە؟ ئایا دەبوو جلوبەرگێکی تایبەتی پێدرابا هەتا لەبەری بکا؟ ئایا دەبوو لە گەڕەکێکی تایبەتدا نیشتەجێ کرابایە؟ ئایا دەبوو جەناحەکان گوتبایان ئەوە بە جەناحی خۆمانمان قبووڵکردی و بەخێر بێی و ئاهەنگیان بۆ گێڕابا؟ بەڕاستی نیشانەکەی چ بوو کە "هیچ لایەکیان ڕازی نەبوو لە جەناحی خۆیانم قەبووڵ بکەن" ئەگەر لە جەناحی هیچکامیاندا نەبووی چۆن دوای کۆنگرەی سێزدە ڕەگەڵ لایەنی ئینشعابی کەوتی و بوویە ڕەمزی بزووتنەوەش؟ ئایا کەسێکی وەک کاک باباعەلی مێهرپەروەر کە لانی کەمەکەی دوای گۆنگرەی سێزدە و هەر نەبێ لە سەرەتادا ڕەگەڵ هیچکام لە لایەنەکان نەکەوت و چوو دانیشت، شیاوتر نییە بۆ ئەوەی بڵێ من کەسێکی ئەوپەڕجەناحی بووم و قسەکەی چاکتر لێ ناسەلمێ؟

دەربارەی زاراوەی "ڕەمزی بزووتنەوەی ئینشعاب" کە قسەی خودی حەسەنزادە لە "ئەزموونی خەبات"دایە، بەڕێزیان ویستوویە شتەکە بادا و بەرەو ئاقارێکی دیکەی ببا. حەسەنزادە دەنووسێ: "جەنابی [مەبەستی کاک مستەفایە] لە لاپەڕەی ٦١ و لە باسی لەت بوونی دوای کۆنگرەی چوارەمدا دەنووسێ:

"... کاتێ دوای هەموو هەوڵدانی خۆیان بێهیوا بوون ئەوجار پیلانیان داڕشت بۆ ئینشعاب لە حیزبدا و لێرەشدا کاک غەنی وەک دینامیزمی ئەو حەرەکەتە پێشڕەو بوو". دەبینن کە جەنابی بۆ کارەکە "حەرەکەت " بەکار دێنێ و کاک غەنیش هەم بە دینامیزم و هەم بە پێشڕەو ناو دەبا. نەکا کاک مستەفا پێی وابێ حەرەکە و بزووتنەوە لێک جیان هەر وەک پێی وایە ئینشیعاب و لەتبوون دوو شتی جیاوازن؟!"

لیرەدا حەسەنزادە باسەکەی سەیر شێواندووە. کاک مستەفا حاشا لەوە ناکا حەسەنزادە ڕەمزی ئینشعابە. حەسەنزادە بۆخۆشی هەر لە ئەزموونی خەباتدا خۆی پێ ڕەمزی ئینشعابە. بە ڕێکەوت ئەوە شوێنێکە کاک مستەفا و نووسەری "ڕوونکردنەوە" لەسەری کۆکن. بەڵێ لە ڕوانگەی کاک مستەفاوە غەنی بلووریان دینامیزمی حەرەکەتی ئینشعابی کۆنگرەی چوار بوو و عەبدوڵلا حەسەنزادەش ڕەمزی ئینشعابی کۆنگرەی سێزدە بوو. ڕەخنەکەی کاک مستەفا شتێکی دیکەیە. کاک مستەفا لەم بارەیەدا دەنووسێ:

"هەموو لایەکمان ئاگادارین لە فەرهەنگی خەباتی سیاسیدا بە چ جووڵانەوەیەکی بەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڵێن "بزووتنەوە". بۆ نموونە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ نەک یەکێکیان ـ هەڵبەت بە ڕێژەی جیاوازەوە، بۆ ماوەی چەندین دەیە لەسەر بناغەی "بزووتنەوە"ی کوردایەتی ئەوە خەریکی خەباتی سیاسین. پرسیارێکی جێگای تێڕامان و لێورد بوونەوە کە حەسەنزادە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ لە خۆی بپرسێ ئەوەیە کە چ شێوە بیر کردنەوەیەک وای لێ کردووە دوای تەمەنێک کاری سیاسی، ناوی بزووتنەوە لەسەر دەمڕاستی کردنی جەماعەتێک بۆ سازکردنی ئینشعاب لەناو حیزبێکی خۆشەویست و جێگای هومێدی خەڵکی کوردستان دابنێ؟ ئەوە چ شێوە تێفکرینێکە شانازی نەک بە کوردایەتی، نەک بە حیزبایەتی و تەنانەت نەک بە جیناحبازی لەناو حیزبێکدا بەڵکوو شانازی بە ئینشعاب پێ کردنی دەستەیەک یا وەک بۆخۆی دەڵێ لەتکردنی حیزبێک دەکا؟"[٣١]

حەسەنزادە دەڵێ من ڕەمزی بزووتنەوەی ئینشعاب بووم. هیجریش دەڵێ بەڵێ ڕەمز بووی بەڵام ڕەمزی حەرەکەتێکی ئینشعابی بوون چ شانازییەکە؟ ئەم حەرەکەتە و ئەم ڕەمز بوونە و ئەو پێشڕەو بوونە نە بۆ تۆ جێی خۆپێوەڕانانە نە بۆ غەنی بلووریان و نە بۆ کەسی دیکە.

جگە لەوە، "بزووتنەوە" و "حەرەکەت"یش لە مانای ئیستلاحی خۆیاندا ـ نەک لە مانای وشەییاندا کە وەک یەکن ـ جیاوازییان پێکەوە هەیە. بە هەموو حەرەکەتێک ناڵێن بزووتنەوە. بۆ نموونە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە لەسەر دیوارەکان، بە حەرەکەت حیساب دەکرێ بەڵام بە بزووتنەوە حیساب ناکرێ. بزووتنەوە لە کۆمەڵناسیی سیاسیی‌دا پێناسەی خۆی هەیە و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە قسەی لەسەر کراوە.

ئینشعاب و لەتبوونیش جیاوازییان پێکەوە، هەیە. بەکار هێنانی زاراوەی لەتبوون لەسەر ئەم فەرزە هەڵەیە دامەزراوە کە دەکرێ لە هەناوی کۆنگرەیەکی حیزبییەوە دوو حیزبی دێموکڕات لەدایک بن کە هەردووکیان شەرعی و یاسایی بن.

کەچی بەکار هێنانی زاراوەی ئینشعاب لەسەر بۆچوونێکی ئوسوولی دامەزراوە کە پێشتر باسمان کرد و جارێکی دیکەش دەینووسینەوە: لە هەناوی کۆنگرەیەکی شەرعی و یاسایی‌یەوە ناکرێ دوو حیزبی هاوناو کە وەکوو یەک یاسایین و شەرعیەتییان هەیە لە دایک بن.

## خەتی ئینشعاب لە مێژووی حیزبدا

ئەگەرچی سەرکردەکانی ئینشعابە جۆراوجۆرەکان حەز لە چارەی یەکتر ناکەن و زۆر دەرفەت بۆ پاکانە حیساب و دانەوەی قەرزی کۆن و گێڕانەوەی قەڵای پێشوو دەقۆزنەوە، بەڵام نابێ دوو بابەت لەم پێوەندییەدا لە بیر بکەین:

**یەکەم.** سەرکردەکانی ئینشعابە جۆراوجۆرەکان لەکاتی پێویستدا و لە بەرانبەر "نەیاری حیزبیی هاوبەش"دا هاوکاری تاکتیکیش پێکەوە دەکەن.

**دووەم.** سەرکردەکانی ئینشعاب، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان هەموو وەک یەک بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئینشعاب، مێژووی حیزب دەبەنە ژێر پرسیار و خۆراکی تەبلیغاتی دەدەنە دەستی دوژمنانی کورد.

لە بەرنامەیەکی "پەرگار"ی تەلەڤیزیۆنی بی‌بی‌سی‌دا، عەتائوڵڵاهی موهاجرانی وەزیری ئیرشادی دەورانی خاتەمی، بۆ بەناحەق نیشاندانی بزووتنەوەی میللی - دێموکڕاتیکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی بۆ کوتان و سووک کردنی ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیە، دکتۆر قاسملووی شەهید، چەندین جار ئیرجاعی بو کتێبەکەی غەنی بلووریان و وتوویژەکەی جەلیل گادانی لە ڕادیۆ زەمانە کرد و وەکوو بەڵگەی گرینگی مێژوویی و وەکوو دانپێدانانی ناوخۆیی کوردەکان ئاماژەی بەم سەرچاوانە کرد. لەباری مێژوویی‌یەوە چ شتێک غەنی بلووریان و جەلیل گادانی لێک دەبەستێتەوە؟ بێ‌گومان لێک بەسترانەوەی ئەوانە سەرەڕای هەموو جیاوازی‌یەکانیان، بەهۆی ئینشعابیان لە حیزب و پابەند نەبوونیان بە دەنگی زۆرایەتی و هەوڵدانیان بۆ داسەپاندنی بۆچوونی کەمایەتی بەسەر زۆرایەتییەوە مسۆگەر دەبێ. بەڵام جگە لە پێڕەو کردنی "خەتی ئینشعاب"، دیاردەیەکی دیکەش ئەو کەسانە لێک دەبەستێتەوە. دیاردەی "سووتاندنی قەیسەری بۆ دەسرۆکە". واتە دیاردەی تاوانبار نیشاندانی گشت بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکڕات و سکرتێری حیزب بۆ بێ‌گوناح نیشاندان و مەزلووم نواندنی خۆیان. ئەو دیاردەیەش هەر یەکێک لە دەرکەوتەکانی "مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب" ە. ئەمڕۆ خۆشەویستترین دەقە مێژوویی‌یەکانی کورد بۆ بێگانە کە بەهۆی ئەندامانی ئیدارەی ئیتللاعات و سوپای پاسدارانەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فارسی، نووسراوەی سەرکردەکانی خەتی ئینشعابە.

بەڵام خەتی ئینشعاب دوای غەنی بلووریان و جەلیل گادانیش کوێر نەبووەوە. ئێستا ئیتر سەرکردەی خەتی ئینشعاب و "ڕەمزی بزووتنەوەی ئینشعاب" نە غەنی بلووریانە و نە جەلیل گادانی بەڵکوو عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە.

حەسەنزادە لە نووسراوەکانی دوای ئینشعابی‌دا نەک هەر لایەنە ڕکەبەرەکەی بەڵکوو ئەساسی کۆنگرەی سێزدەی حیزبیش - کە قۆڵەکەی خۆی دەنگی زۆرینەی تێدا نەهێناوە - دەباتە ژێر پرسیار. ئەو نەک هەر هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئینشعابییەکانی دوای کۆنگرەی هەشت لەبیر دەباتەوە، بەڵکوو حیزبی دێموکرات و لەپێش هەمووان کاک مستەفا، بە "کوشتن"ی "ڕۆڵە"ی کورد تاوانبار دەکا. حەسەنزادە لە دوو شوێنی "ڕوونکردنەوە"دا تاوانی "کوشتنی ڕۆڵەی کورد" دەداتە پاڵ سەرکرادیەتی حیزب:

" بەڕاست ڕۆڵەی کورد کوشتن و بەدەستی یەکتر بە کوشتدانیان بۆ ئەوە دەبێ کوردێک بە شانازی‌یەوە یادی بکاتەوە و خۆی پێوە ڕانێ"[٣٢]

"جا بەڕاستی لە خوێنەرانی ئەم نووسراوەیە دەپرسم: "تواندنەوە" (ئەویش بەو مەبەستە پیرۆزە) باشترە یان کوشتن کە برادەران لە هەموو بۆنەیەکدا شانازی پێوە دەکەن"[٣٣]

حەسەنزادە هیچ سەرچاوەیەک ناهێنێتەوە تا نیشان بدا "برادەران" ڕۆڵەی کوردیان کوشتووە و لە "هەموو بۆنەیەک"یشدا شانازییان پێ کردووە و یادیان کردۆتەوە و خۆیان پێوە ڕاناوە.

نووسەری "ڕوونکردنەوە" هیچ سەرچاوەیەک بۆ ئەم ئیددیعایانە نیشان نادا، بەڵام ئێمە ئەو مزگێنییە دڵخۆشکەرەی پێ دەدەین کە نووسراوەکەی خۆی هەر بەم زووانە دەبێ بە سەرچاوەیەک بۆ دوژمنانی کورد و "بەڵگە هێنانەوە" لە عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەپاڵ بەڵگە هێنانەوە لە غەنی بلووریان و جەلیل گادانی، "فاکتەکانی" کەسانی وەک موهاجرانی و هاوبیرانی لە ناوەوە و دەرەوەی حاکمییەتی ئێران، تەکمیل‌تر و تێروتەسەل‌تر دەکا.

خەتی ئینشعاب دوای بلووریان و گادانی، درێژەی خۆی لە بۆچوون و کردەوەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە دا دیتەوە. فراکسیۆنەکان و ئارایشتی فراکسیۆنەکان نەک هەر لە "ئێستا"ی حیزبەکاندا خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەڵکوو لە ڕەوتێکی مێژووییشدا خۆیان و نوێنەرەکانیان بەرجەستە دەکەنەوە. عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە سەردەمێک خۆی بەم وەهمەوە ڕادەنا کە لە فراکسیۆنی ناو حیزبدا گوایە ناوی بەر لەناوی ڕێبەرانی شەهید هاتووە و ناوی فراکسیۆنەکە، واتە فراکسیۆنی دژی ئینشعاب، فراکسیۆنی حەسەنزادە - شەرەفکەندی - قاسملوو بووە، ئێستا با شاهیدی دووەرەدیمەنی ئەو مێژووە بێ کە بەرەی ئێستا و داهاتوو دەینووسنەوە و بە پەیوەست بوونی حەسەنزادە بە خەتی ئینشعاب، ناوی دەخەنە دوای ناوی بلووریان و گادانی و "خەتی بلووریان - گادانی - حەسەنزادە" بۆ هەمیشە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە "خەتی ئینشعاب" تۆمار دەکرێ.

حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوە"دا بە گشتی و بە لێڵی باسی "کوشتنی ڕۆڵەی کورد" لەلایەن حیزبەوە دەکا بەڵام ئاماژە و سیگناڵەکەی حەسەنزادە لە ئەدەبنامەکەی جەلیل گادانیدا ئاشکرا دەبێ و کۆدەکەی دەکرێتەوە. ئەوە ڕەنگە ئاشکراترین دەرکەوتەی هاوکاریی تاکتیکی خەتی ئینشعاب لە دوو ئاڵقەی دوایی خۆیدا بێ.

گادانی دەنووسێ: "[کاک مستەفا] فەرمانی دابوو بۆمبێکی بەهێزیان ئامادە کردبوو کە بینێرێ لە ناو ئێمەدا بیتەقێننەوە و زەبرێکمان لێدەن و ئێمەش حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەو تاوانە مەحکووم کەین و وتوویژەکان کە دەستیان پێ کردبوو فەشەل بێنن"[٣٤]

سەرەڕای زەینییەتی هالیوودی و فیلمی هیندییانەی بێژەری ئەم قسانە و سەرەڕای بێسەنەد بوونی ئەم ئیددیعایانە، چەند خاڵێک لەم قسانەدا خۆیان حەشار داوە:

**یەکەم.** حەسەنزادە چەندین جار لە"ڕوونکردنەوە"دا لایەنە جۆراوجۆرەکان تەحریک دەکا کە بۆخۆیان وڵامی کاک مستەفا بدەنەوە و دەڵێ ئەوان بۆخۆیان دەزانن چۆن ئەو وڵامە دەدەنەوە. بە بڵاو بوونەوەی ئەدەبنامەکەی جەلیل گادانی ڕوون بۆوە کە حەسەنزادە هەر بەتەنیا بە هەڵخڕاندنی شاراوە و پێشنیاری ئاشکرا بۆ وڵامدانەوە بە کاک مستەفا ڕانەوەستاوە و زانیاریی ساختەشی لەبەردەست ناون. ئەگەر کەسێک بە وردی قسەکانی گادانی بخوێنێتەوە، ئەو هاوکارییە تاکتیکییە بەڕوونی خۆی ئاشکرا دەکا. گادانی لە درێژەی گێڕانەوەی فیلمە هالیوودییەکەدا دەڵێ: "بەختەوەرانە هەر کادرەکانی خۆیان پێیان زانی و پێشی ئەو پیلانەیان گرت"[٣٥]

لێکدانەوەی قسەکانی گادانی و دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو قسانە، پێویستی بە پیتۆڵییەکی سەیروسەمەرە نییە. بەگوێرەی ئەم فیلمە، "بۆمبێکی بە هێز" ئامادە کراوە هەتا لەناو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێردا بتەقێندرێتەوە. کێ ئەو "بۆمبە بە هێزە"ی ئامادە کردووە؟ کاک مستەفا هیجری. سەرنج بدەنە درێژەی فیلمەکە. لە "کادرەکانی خۆیان" واتە کادرەکانی ناو "حدکا"ی ئەو سەردەم، کێ وەکوو ئەکتەری فیلمەکان خۆی هاویشتووەتە ناوەڕاستی مەیدانەکە و "پێشی ئەو پیلانە" مەترسیدارەی کاک مستەفای گرتووە و جەلیل گادانی و هاوڕێیانی لەو بۆمبە زۆر بەهێزە ڕزگار کردووە؟ عەبدوڵڵا حەسەنزادە. زۆر پیرۆزە و بژی بۆ ئەو قارەمانەتییە کە هەر لە فیلمە هیندییەکاندا نموونەی بۆ دەدۆزرێتەوە. بەڵام جێگای حەساسی فیلمەکە لەمە بەدواوە دەست پێدەکا. ئەدی کێ پیلانی دانانی بۆمبی بەهێزی بۆ لایەنی جەلیل گادانی گێڕاوەتەوە؟ خۆ ئیشاڵڵا کاک مستەفا کە بۆخۆی بەڕێوەبەری ئەو پیلانە نگریسە بووە، پیلانە تێکشکاوەکەی خۆی بۆ گادانی نەگێڕاوەتەوە و وا دیارە کابرای ڕزگاریدەر ئەو پیلانەی ئاشکرا کردووە. واتە عەبدوڵڵا حەسەنزادە. شاهیدی ئەم ئیددیعایە کێیە؟ دیسان عەبدوڵڵا حەسەنزادە. سەیرە ڕاوی و شاهید و قازی و سکاڵاکار و لەقاودەر و ڕزگاریدەر هەموویان هەر کەسێکن.

وا دیارە وەرگێڕی ڕۆمانەکانی "گێلەپیاو" و "حەمەدۆک" لە نووسینی ڕۆمان و فیلمنامەدا ئەویش لەجۆری فیلمی هالیوودی و فیلمی هیندی، دەستێکی باڵای هەیە. خۆ نووسینی ڕۆمان و فیلمنامە شتێکی خراپ نییە و بگرە کارێکی جێگای ڕێزیشە، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کاتێک مەئموورانی وەزارەتی ئیتللاعاتی کۆماری ئیسلامی ئەم نووسراوانە وەردەگێرنە سەر زمانی فارسی و لە بەردەستی سیاسەتوانان و ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی خۆیانی دادەنێن، لەسەریان نانووسن "فیلمنامە" یان "ڕۆمان"، بەڵکوو وەکوو بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەویش لە زمان خودی سەرکردەکانی کوردەوە بڵاوی دەکەنەوە؛ هەر وەک چۆن هەتا ئێستا نووسراوەکانی غەنی بلووریان و قسەکانی جەلیل گادانییان بەم ناوە بڵاو کردۆتەوە و ئیستنادیان پێ کردوون. وا دیارە دوای مامە غەنیش، سیاسەتوانان و ڕووناکبیرانی ئێرانی پەیتا پەیتا بەدوای "ئەبووهورەیرە" ەکانی دیکە لەناو بزووتنەوەی کورددا دەگەڕێن هەتا "نەقڵی حەدیس"یان لێ بکەن و خۆش ئەوەیە بە هاسانیش دەیاندۆزنەوە.

گرینگیی داهێنانی چەمکی "مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب" لەم ورد بوونەوانەدا وەدیار دەکەوێ.

**دووهەم.** کاتێک کابرای ڕزگاریدەر ئەو قسانە بۆ گادانی دەگێڕێتەوە هەتا ئەو بتوانێ لە ئەدەبنامەکەیدا بڵاوی بکاتەوە و کۆدی باسی "ڕۆڵەی کورد کوشتن" کە لە "ڕوون کردنەوە"دا بە ئاماژە باسی کراوە، بکاتەوە، ڕزگاریدەرەکە هەر بە تەنیا دەیویست گادانی ڕووی هێرشەکەی بکاتە هیجری و سیمای ئەوی پێ خەوشدار بکا. حەسەنزادە دەیویست وەکوو داردەستێک بە دژی هیجری کەڵک لە گادانی وەربگرێ. بەڵام گادانی ـ هەر نەبێ لەم بارەیەدا ـ لە حەسەنزادە زیرەکتر بوو و نەک بە بڵاو کردنەوەی فیلمەکەی حەسەنزادە، هێرشی بۆ سەر کاک مستەفا کرد، بەڵکوو نقورچ و تەوس و پلارەکانی حەسەنزادەی دوای ئینشعابی کۆنگرەی هەشتیش هەر لە بیر مابوو و لە ئەدەبنامەکەیدا مشووری ئەویشی

خوارد و له داڕشتنەوەی سێناریۆکه لەلایەن خۆیەوە، لە هەندێک شوێندا ڕۆڵێکی مەنفی دا بە نووسەری سەرەکی فیلمنامەکەش.

**سێهەم.** کاک مستەفا، لە بەرانبەر "مەنتیقی نەخۆشی ئینشعاب"دا باسی "پرەنسیپی یەکڕیزی" دەکا. خەباتکارانی دژە ئینشعاب هەڵوێستیان بە دژی ئینشعاب و بە دژی ئەکتەرەکانی ئینشعاب ڕوون و ئاشکرایە و لەناو خۆشیاندا پێویست ناکا بۆ پاکانە حیساب و دانەوەی کۆنەقەرزان، بکەونە گیانی یەکتر و لە گێڕانەوەی مێژووی ساختەدا یەکتر بیزار بکەن و لایەنی یەکتر بەنۆرە خوری‌شۆر بکەن. بەڵام سەرکردەکانی خەتی ئینشعاب (خەتی بلووریان ـ گادانی ـ حەسەنزادە) و هەروەها لایەنگرانی ئەم خەتە، هەڵوێستەکانیان لە بەرانبەر ئینشعابدا ئەوەندە سەیر و دژبەیەک و پێچەڵاوپێچ و ناتەبایە، مەگەر مەنتیقێکی نەخۆش بتوانێ ئەم تێکوشەمەخۆیە بەرهەم بێنێ و لەسەر سفرەی لێکترازانی دانێ و بیکاتە قووت و بژیوی ئەکتەرە ورد و درشتەکانی ئینشعاب. لەم ئەکتەر و لایەنگرانە هی وا هەیە، ئینشعابی یەکەم مەحکووم دەکەن، بەڵام ئینشعابی دووەم بە ڕەوا دەزانن. هی وایان تێدایە ئینشعابی یەکەم و دووەم مەحکووم دەکەن بەڵام ئەوەی سێیەم بە ڕەوا دەزانن. هی وا هەیە، سەردەمێک بە توندی ئینشعابی دووەمی پرۆتستۆ کردووە بەڵام ئێستا چونکە بۆخۆی لە ئینشعابێکی دیکەوە گلاوە، بۆ پرۆتستۆ کردنی هەر ئەم ئینشعابەی دووەم دڕدۆنگە. ئێستا لەو مێژووەی لایەنگرانی ئینشعاب دەیگێڕنەوە دیار نییە کەسانی وەکوو غەنی بلووریان و ڕەحمان کەریمی بەڕاستی قارەمان بوون یا دژە قارەمان؟

ئەندامێکی ناو لایەنی ئینشعابی وتار دەنووسێ و کاک مستەفا بەوە تاوانبار دەکا ئەو قسانەی دەربارەی پیلانەکەی لایگرانی ئینشعابی یەکەم بەدژی حیزب نووسیویە ناڕاست و هەڵبەستراوە:

" ئەو کاتەش کە کاک مستەفا پێی وایە لە شنۆ پلان دژ بە حیزب و ڕێبەرانی داڕێژراوە و وای دەنوێنێ کە ئێمەی پێشمەرگەکانی پیرانشار بە هاندانی کاک ڕەحمان کەریمی تێیدا بەشدار بووینە، دەبووایە پێش نووسینەکەی راوێژێکی لەگەڵ کاک چەکۆ رەحیمی کردبا کە چەند مانگ پێش ئەو ڕووداوانە، لە ئاڵوگۆڕێکی فەرماندەرانی هێزدا، کاک چەکۆ لەجێگەی من هاتە شنۆ"[٣٦]

حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوە"دا لە تاقە شوێنێکیشدا نالێ قسەی کاک مستەفا ڕاستە بەڵام لێرەدا بۆ نیشاندانی دژایەتی خۆی لەگەڵ خەتی ڕەحمان کەریمی و بۆ پەرچدانەوەی قسەی ئەندامەکەی گۆرین کە ئێستا لەناو لایەنی خۆیشی دایە، دەڵێ قسەی کاک مستەفا لێرەدا دروستە و هەر بە تەنیا گلەیی ئەوەی لێ دەکا بۆ باسی دەوری مستەفا شەڵماشی لە پووچەڵ کردنەوەی پیلانی لایەنگرانی ڕەحمان کەریمی نەکردووە:

" ئەوە کە ڕێژیمی ئێران و هاودەستەکانی هەوڵیان دا بەناوی وتوویژەوە چەند کەس لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات دە داو بخەن، دروستە و تا ئەو جێیە کە پیلانەکە ئاشکرا دەبێ کاک مستەفاش بە دروستی باسی کردووە."[٣٧]

مەبەست لە ڕێژیمی ئێران دیارە چ لایەنێکە. ئەدی هاودەستەکانی کێن؟ دیارە ڕەحمان کەریمی و جەریانەکەی ئەوە. حەسەنزادە بۆ بەرپەرچ دانەوەی قسەی کەسێک کە سەر بە جەریانی ڕەحمان کەریمی بووە ئاوا چاوەڕواننەکراو پشتی قسەی کاک مستەفا دەگرێ، کە دەگاتە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەروبەندی کۆنگرەی دەیەم، کاک مستەفا بە "کوشتنی ڕۆڵەی کورد" تاوانبار دەکا و ڕۆڵی مەزلووم دەدا بە لایەنی ئینشعابیی ئەو سەردەم. بەڕاستی ئەو هەموو پێچوپەنا و بگرەوبەردە و هەڵبەز دابەزە لە پێناو چی دایە؟ باشتر وا نییە لە هەڵوێستێکی ئوسوولیدا، جارێک و بۆ هەمیشە ئینشعاب بە پرۆژەیەکی فەشەل و شکستهێناو لە خەباتی دەروونحیزبی دا بزانین و هەر چەشنە ئینشعابێک لە ڕابردوو و داهاتوودا

مەحکووم بکەین؟ ئایا ئەم قسانە بەم مانایە نین هەر کاتێک ئینشعاب بە سوودی ئێمە نەبوو، ناڕەوایە و هەر کاتێکیش لە بەرژەوەندی ئێمەدا بوو، ڕەوایە و ڕێگەپێدراوە؟ ئایا ئەم جۆرە هەڵوێستە ناتەبایانە گەرای لێکدابڕانی تر دوای یەکگرتنەوە نانێنەوە؟ بە پشتڕاست کردنەوەی ئینشعابێک و ڕەتکردنەوەی یەکێکی تر، ئایا هیچ زەمانتێک لەبەر دەستدا دەبێ دوای یەکگرتنەوە، جارێکی دیکە سازی حیزبایەتی لەسەر ئاوازی ناسازی ئینشعاب کۆک نەکرێتەوە؟ ئایا بڵاو کردنەوەی کتێبێک کە تێیدا ئینشعابی دوایی وەکوو ئینشعابی بەرایی ڕەت کراوەتەوە و هەر لە بنەڕەتدا مەنتیقی ئینشعاب چووەتە ژێر پرسیار و بە مەنتیقێکی نەخۆش وەسف کراوە، دەستەبەرێکی پشتپێبەستراو بۆ دووپات نەبوونەوەی دابڕانی دیکە دوای یەکگرتنەوە نییە؟

## کەشفێکی نوێ دوای کەشفەکانی تر

لایەنگرانی دابڕان، دوای ئینشعابی کۆنگرەی سێزدە بەم کەشفە جێگای سەرنجە گەیشتوون کە نەک هەر سەرکەوتنی کاک مستەفا لە کۆنگرەی سێزدەدا یاسایی نەبووە، بگرە هەر ئەندامەتی کاک مستەفا لە حیزب و لە ڕێبەرایەتیی حیزبیشدا یاسایی نەبووە و ئەم ئەندامەتییە ڕەوتێکی نایاسایی هەبووە. ئەم کەشفە گرینگە دوای ئاشکرا بوونی، بەتوندی دەنگی داوەتەوە و زۆر ڕوون نییە لایەنگرانی دابڕان بۆچی دوای سی ساڵان بەم ڕاستییەیان زانیوە و پێشتر پێیان نەزانیبوو. هەڵبەت لەم بابەتەشدا ناتەباییەک لە نێوان لایەنگرە جۆراوجۆرەکانی دابڕان، لەگۆڕێدا هەیە. حەسەنزادە بە گوڕوتینێکی تایبەتەوە بەم شێوەیە باسی بابەتەکە دەکا:

"نووسەری بەڕێز[ی نسکۆ و دابڕان] یەکەمین هەڵەی زەقی لە یەکەمین لاپەڕەی پێشەکییەکەیدا کردوە. ئەوانەی سەروکاریان دەگەڵ مێژووی حیزبی دێموکڕاتدا هەیە، زیاتر لە جارێکیان لە زمانی خودی کاک مستەفا بیستوە کە

گوتوویە تا کۆنگرەی چوارەم ئەندامی حیزبی دێموکڕات نەبووم و لەوێ دوکتۆر قاسملوو داوای کردوە خۆم بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی کاندید بکەم و هەرچەند گوتوومە ئەمن ئەندامی حیزب نیم دوکتۆر گوتوویە قەیدی نییە خۆ کاندید بکە. بۆ کاک مستەفا گرنگ ئەوەیە بۆخۆی پیاوێکی گەورە بێ. جا ئەگەر لەو پێناوەدا دوکتۆر قاسملوویەکیش ببێتە قوربانی، "گیانتان سلامەت" و کورد زیانێکی پێ نەگەیشتوە! بەڕاست دوکتۆر قاسملووی بووژێنەرەوەی حیزبی دێموکڕات و لایەنگری شێلگیری جێگیرکردن و پاراستنی ڕێوشوێنە تەشکیلاتی‌یەکان، ئەوندە بێ‌پرەنسیپ بوو یەکێک کە ئەندامی حیزب نیە بە هەموو حەقێکەوە بەرێتە کۆنگرەی حیزب و لەوێش بیکاتە کاندیدی کۆمیتەی ناوەندی"[٣٨] (هەموو هەڵەکان لە نووسینی (و)ێک لە جیاتی دوو (و) هی نووسەری "ڕوونکردنەوە"ن)

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لێرەدا ناتەبایی دەکەوێتە نێوان قسەی لایەنگرانی ئینشعاب. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، پیشتر لە "ئەزموونی خەبات"دا زیاتر لەسەتا نەوەدی گێڕانەوەکەی کاک مستەفای پشتڕاست کردبۆوە و تەنانەت باسی ئەو یاسا تازەپەسند کراوە لە سەروبەندی کۆنگرەی چواریشی کردبوو کە ئیزنی بە کەسانی تازەوارید دەدا هەتا بێنە ناو کۆمیتەی ناوەندییەوە. ئەمە قسەی حەسەنزادەیە:

"تەنانەت بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری‌یەکە هەر ئەوانە نەبن کە بە تانە پێ‌یان دەگوتین دەرچووانی دانیشگای قەڵادزێ [و] خەڵکی دیکەش بتوانن بێنە نێو کۆمیتەی ناوەندی، ئەسڵێکی ئەساسنامەییمان گۆڕی. ئەسڵەکە دەی‌گوت کەسێک دەتوانێ خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتە ناوەندی کاندیدا بکا کە لانی کەم دوو ساڵ ئەندامی حیزب بووبێ. <u>ئەوەمان هەڵگرت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بتوانن وارید بن</u>.[...] ئەوە بوو کە <u>کۆنگرە گیرا و هەر بەپێی لابردنی ئەو ئەسڵەش چەند کەسی تازەمان بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە تازە ببوونە ئەندام، یەکێک لەوانە مەسەلەن کاک</u>

مستەفای هیجری‌یە. کاک مستەفا دەڵێ ئەندام نەبووم لە کۆنگرەدا، دکتۆر قاسملوو کردمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کە ئەوە تەوهینێکی گەورەیە بە دکتۆر قاسملوو. بەڵام جارێکی باسم کرد گوتم ئەوانەی بەپێی ئەو بڕیارەی حیزب بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، یەکیان خێری نەدایەوە کاک مستەفا نەبێ" [٣٩]

حەسەنزادە بەئاشکرا دەڵێ بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی پێشینەی ئەندامەتی لە حیزبیان نەبووە بتوانن بێنە ناو ڕێبەرایەتی حیزب، ئەسڵێکی ئەساسنامەییمان گۆڕیوە. کاک مستەفاش بەگوێرەی ئەم ئەسڵە هاتووەتە ناو ڕێبەرایەتی و تاقە کەسێکیش بووە بەم مێکانیزمە هاتووەتە ناو ڕێبەرایەتی حیزب کە خێری دابێتەوە. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، هەمان هەڵە کە حەسەنزادە دەربارەی کاک مستەفا لە کۆنگرەی سێزدەدا تووشی بووە، دەربارەی دکتۆر قاسملووش لە کۆنگرەی چواردا دووبارەی دەکاتەوە. حەسەنزادە لە زمان کاک مستەفاوە دەڵێ: "ئەندام نەبووم لە کۆنگرەدا، دکتۆر قاسملوو کردمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی". بەڕاستی لێرەدا ئەوپەڕی شێواندنی مێژوو بەرچاو دەکەوێ. تەنانەت بەگوێرەی گێڕانەوەی خودی حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوە"دا نە کاک مستەفا گوتوویە "دکتۆر قاسملوو کردمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی" و نە دکتۆر قاسملووش کاک مستەفای کردووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. بە قسەی خودی حەسەنزادە لە "ڕوونکردنەوە"دا کاک مستەفا گوتوویە "دوکتۆر قاسملوو داوای کردوە خۆم بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی کاندید بکەم" نەک ئەوەی "دکتۆر قاسملوو کردمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی" کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو قسەیەدا هەیە. کاک مستەفا بە پێشنیاری دکتۆر قاسملوو لە کۆنگرەی چوارەمدا خۆی کاندید کردووە و دەنگیشی هێناوەتەوە؛ وەک هەندێک لە لایەنگرانی حەسەنزادە هەر ئەم ڕیوایەتەیان سەلماندووە بەڵام بەم هۆیەوە بە توندی هەڵیانکوتاوەتە سەر دکتۆر قاسملوو و وەک "هەڵەیەکی گەورەی" ئەو ڕێبەرە شەهیدەیان ناو هێناوە:

"شێوەی چوونی بەرێز هیجری بۆ کۆنگرەی ٤ و خۆ کاندیدا کردنی و دەنگ پێدرانی لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە، دەکرێ بە یەکێک لەو خاڵە لاوازانەی سیستمی تەشکیلاتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە حیساب بێ کە هەتا ئێستاش ئەو کەلێنەی هەر تێدایە.[...] رەنگە بەراشکاوی بتوانم بلێم یەکێک لە هەڵەکانی شەهیدی هەرگیز نەمر دوکتۆر قاسملووش ئەوە بووە کە کاک مستەفای بەم جۆرە راکێشی حیزبایەتی کردووە. هەر چەند من دەرکی ئەوە دەکەم کە مەبەستی دوکتۆر ئەوە بووە کە کەسایەتییەکانی شاری نەغەدە -کە شارێکی جێگای موناقەشەیە- بکێشێتە نێو ریزی خەباتەوە و لەو رێگایەوە شوێن لە سەر بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی کورد دابنی، بەڵام مخابن نە کەسایەتیی جێی مەبەست و نە شێوەی هێنانی کاک مستەفا گونجاو نەبوون."٤٠

شی کردنەوەیەکی سەرەپێیی ئەو قسانە نیشان دەدا چۆن نووسەری پاراگرافی سەرەوە عەرش و قورشی لێک داوە هەتا بتوانێ "قسە"یەک بکا و دژایەتییەک لەگەڵ کاک مستەفا بنوێنێ. ئەو نووسەرە دەستڕەنگینە کاتێک دەڵێ " کەسایەتی جێی مەبەست (کاک مستەفا) گونجاو نەبوو"، قسەی مامۆستاکەی خۆی رەت ەدەکاتەوە کە دەڵێ لەو جەماعەتە هەر بەتەنیا کاک مستەفا خێری دایەوە. کاتێک دەڵێ " دەکرێ بە یەکێک لەو خاڵە لاوازانەی سیستمی تەشکیلاتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە حیساب بێ کە هەتا ئێستاش ئەو کەلێنەی هەر تێدایە" ئاگادار نییە گۆڕینی ئەو ئەسڵە ئەساسنامەییە بۆ هەلومەرجی نائاسایی کاتی کۆنگرەی چوار بووە و ئێستا لە حیزبدا نەماوە و کاتێکیش دەڵێ کە "مەبەستی دوکتۆر ئەوە بووە کە کەسایەتییەکانی شاری نەغەدە -کە شارێکی جێگای موناقەشەیە- بکێشێتە نێو ریزی خەباتەوە " هەر لە بنەڕەتدا بۆخۆی قسەی خۆی بەرپەرچ دەداتەوە. بەڕاستی ئەم قەڵەمانە و ئەو عەقڵانە بوون ئەوکات پڕۆپاگەندەیان بۆ ئینشعاب دەکرد و ئێستاش هەر بە تەشییەکەی جارانی دەڕێسنەوە.

له کۆنگرەی سێزدەشدا کاک مستەفا کەسی نەکردووە بە کۆمیتەی ناوەندی و کەسی لە ڕێبەرایەتی لانەبردووە بەڵکوو ئەوپەڕەکەی ئەوەیە ڕەنگە پێشنیارەکانی لە پرۆسەی دەنگدانەدا سەرکەوتبن و دەنگیان هێنابێتەوە؛ وەک چۆن پێشنیاری دکتۆر قاسملووش بە کاک مستەفا لە کۆنگرەی چواردا دەنگی هێناوە و خێریشی دایەوە.

کەواتە تاقە بابەتێکی ڕەنگە حەسەنزادە نەیسەلمێنێ ئەوەیە کە کاک مستەفا بە میوانی چووبێتە کۆنگرەی چوار، بەڵکوو بەر لەوە بووبێ بە ئەندامی حیزبی دێموکڕات.

وڵامی ئەو قسەیەش جەلیل گادانی دەداتەوە. گادانی کە وەک بۆخۆی دەڵێ ئەوکات بەرپرسی تەشکیلات بووە هەر قسەی کاک مستەفا دەربارەی "بەمیوانی چوونە کۆنگرە" پشتڕاست دەکاتەوە:

" من وەک بەرپرسی تەشکیلاتی ئەو کاتی حیزب عەرزت دەکەم کە [...] ئەوە دوکتۆر قاسملووی شەهید بوو کە جەنابتی وەک میوان بۆ کۆنگرە دەعوەت کرد و لەوێ هێنایە نێو لیستی کاندیدەکانەوە و هەڵبژێردرای."[٤١]

لایەنگرانی خەتی ئینشعاب لەم بارەیەدا لەناو خۆیاندا ساغ نەبوونەتەوە. ڕیوایەتی گادانی لە ئەدەبنامەکەیدا لە ڕیوایەتی حەسەنزادە لە "ئەزموونی خەبات"دا دەقیقترە. حەسەنزادە بۆیە بابەتەکەی بۆ ناچێتەوە سەر یەک و باسەکەی بۆ قووت نادرێ، چونکە نازانێ ئەو ئەسڵە تازەیەی بۆخۆی باسی کردووە و مەرجی هەبوونی پێشینەی دوو ساڵی بۆ خۆ پالاوتن لە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی هەڵپەساردووە، ڕاستە مەرجی "دوو ساڵەکەی" لابردووە بەڵام دەربارەی ئەوەی کە کەسی کاندیدا دەبێ بۆ چ ماوەیەک ئەندام بووبێ بێدەنگ بووە و هیچ مەرجێکی دانەناوە، کەواتە کەسێک توانیویێتی هەر لە کۆنگرەدا بڕیار بدا ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکڕات و هەر لەوێش خۆی بۆ ڕێبەرایەتی پالاوتبێ. دکتۆر

قاسملووش هیچ ئەسڵێکی ئەساسنامەیی پێشێل نەکردووە و وەک لایەنگرانی دابڕان بڵاوی دەکەنەوە تووشی هیچ هەڵەیەکی تەشکیلاتی نەبووە و ئەم سێناریۆیەش وەک سێناریۆی "بومبی بەهێز و کابرای قارەمان"، سێناریۆیەکی تەواو ناشیانە و سەرنەکەوتووە.

## شێواندنی ڕاستییەکان

حەسەنزادە لە کاتی نووسینی "ڕوون کردنەوە"دا تاقە بابەتێکی کە لەبەرچاوی بووە، بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆی بووە و دەربەستی بەرژەوەندی حیزبی دێموکڕات و ڕوون کردنەوەی ڕاستیەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد نەبووە. هەر ئەمەش وای لێ کردووە لە زۆر شوێندا ڕاستییەکان بشێوێنێ. دیارە پەلە و تووڕەییش پێشیان پێ گرتووە ئەوەی بە بیردا بێ لە شوێنێکدا ئەگەر خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان یان هەر نەختێک لە قسەکانی ورد بێتەوە و شەنوکەویان بکات، بەهاسانی بە ناڕاست بوون و شێوێندراو بوونیان دەزانێ. لەو هەموو نموونانەی بۆ ئەم چەشنە شێواندنانە لە بەردەستدان، هەر بە تەنیا باسی چەند نموونەیەک دەکەین.

**نموونەی یەکەم.** لە باسی پێشنیارەکەی دکتۆر کارل شرامیک بۆ وتووێژی حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، حەسەنزادە کاک مستەفا بەوە تاوانبار دەکا ویستوویە وا نیشان بدا "قارەمانی سەرەکیی داستان هەر خۆیەتی". حەسەنزادە دەنووسێ: " لە فۆڕمووڵەکردنی وەڵامەکانی حیزب بۆ د. شڕامیک یان کۆماری ئیسلامیدا کاک مستەفا تەنیا قارەمانی داستان نەبووە و چوار ئەندامی دیکەی دەفتەری سیاسییش ڕەنگە بە هەموویان لاباریکیان بۆ جەنابی ڕاست کردبێتەوە!!"[٤٢]

با بزانین کاک مستەفا لەم بارەیەدا چی نووسیوە: " لە سەرەتادا دژایەتی لەگەڵ قبوول کردنی ئەو پێشنیارە زۆر بوو تا لە کۆتاییدا چەند کەسێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و یەک لەوان نووسەری ئەم دێرانە لەسەر ئاکامی نێگەتیڤی سیاسیی ڕەدکردنەوەی ئەو پێشنیارە بۆ حیزب، قسەمان کرد و لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتین کە بەو مەرجەی وتووێژەکە بە ئامادەبوونی دۆستێک یان دامەزراوەیەکی سیاسی ئورووپایی دۆستی هەر دووک لا بێ، پێشنیارەکە پەسند بکەین."[٤٣]

لە کوێی ئەم قسەیە کە چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و یەک لەوان کاک مستەفا لەسەر پێشنیارەکە قسەیان کردووە، وا دەردەکەوێ کە کاک مستەفا خۆی پێ قارەمانی سەرەکیی داستان بووە و حاشا لە دەوری کەسانی تر لەم پێوەندییەدا کراوە؟ ئایا حەسەنزادە ئیحتمالی ئەوەی نەداوە لەوانەیە هەر نەبێ تاقە کەسێک پەیدا بێ و نووسینەکەی ئەو و نووسینەکەی کاک مستەفا پێکەوە بەراورد بکا و بزانێ حەسەنزادە ڕاستی نەنووسیوە؟ ئەم بابەتانە دەچنە ناو مێژووەوە و ئەگەر ئەمڕۆش کەس بە ناڕاست بوونیان نەزانێ خۆ درەنگ یان زوو کەسانێک هەر پێی دەزانن.

**نموونە دووهەم.** کاک مستەفا باسی پۆستەکانی دکتۆر شەرەفکەندی کردووە و نووسیویەتی لە کۆنگرەی چوارەمدا " وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ. بە دوای کۆنگرەدا دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و بە دوای ئەوەدا دەبێتە جێگری سکرتێری گشتی حیزب"[٤٤] ئەو بابەتە دەربارەی دکتۆر شەرەفکەندی لە بەشێکدا هاتووە کە باسی شەهید بوونی ئەوە و هیچ پێوەندی بە حەسەنزادەشەوە نیە و کەموزۆر باسی ئەوی تێدا نەکراوە. حەسەنزادە دەڵێ کاک مستەفا لێرەدا تووشی "هەڵەیەکی دەروونی"بووە چونکە لە کۆنگرەی شەش و حەوتدا من جێگری سکرتێر بووە و کاک مستەفا ویستوویە دژایەتی من بکا و حاشا لە پۆستی من بکا. دیار نییە مەبەستی حەسەنزادە لە "هەڵەی دەروونی" چ هەڵەیەکە بەڵام کاک مستەفا لێرەدا هیچ هەڵەیەکی نەکردووە. ئەو باسی

پۆستەکانی دکتۆر سەعید دەکا، بە دروستیش دەنووسێ سەرەتا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و پاشانیش بوو بە جێگری سکرتێر. کاک مستەفا نە گوتوویە دکتۆر سەعید بەرلە ساڵی ١٣٦٥ بووە بە جێگری سکرتێر و نە جێگر بوونی حەسەنزادەشی رەت کردووەتەوە و هەر باس باسی حەسەنزادە نییە.

لەو ئیعترازە سەیرەی حەسەنزادە ڕووداوێکم هاتەوە بیر کە وەک قسەیەکی خۆش کەوتووەتە سەر زار و زمانان. لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی حکوومەتی شادا کە خەڵک بە دژی شا دروشمیان دەدا، کابرایەک لە ئاواییەکی کوردستان چووبووە سەربانی مزگەوت و دەنگی هەڵێنابوو و گوتبووی ئەی هاوار نازانم ئەو خەڵکە چ کاریان بە من و شا داوە و بۆ دەستمان لە یەخەی ناکەنەوە! خەڵکەکە گوتبوویان کاکە وەرە خوارێ کەس باسی تۆی نەکردووە! لەو بەشەی کتێبی کاک مستەفاشدا خودا هەڵناگرێ باسی حەسەنزادە هەر لەگۆڕێدا نییە هەتا کاک مستەفا بیەوێ دژایەتی بکا و هەر وەکوو گوتمان باس، باسی پێشینە و پۆستە تەشکیلایەتی‌یەکانی دکتۆر سەعیدە.

**نموونەی سێهەم.** لە باسی دەست لە کار کێشانەوەی حەسەنزادە، هیجری دەڵێ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بە داوای کاک عومەر باڵەکی، حەسەنزادە لە ئیستعفاکەی پەشیمان بووەتەوە و وەری گرتووەتەوە. ڕیوایەتەکەی حەسەنزادە زۆر جێگای سەرنجە. ناوبراو دەنووسێ:

" وە بیر هەمووانی دێنمەوە کە جگە لە کاک عومەر باڵەکی کە کاک مستەفا بەو زمانە "شیرن"ە! باسی دەکا، ئەم بەرێزانە قسەیان کردوە:

١-کاک حەسەن ڕەستگار چوار جار، ٢-کاک فەتاح کاویان سێ جار، ٣-کاک جەلیل گادانی سێ جار، ٤-کاک بابەعەلی میهرپەروەر دوو جار، ٥-کاک ڕۆستەم جیهانگیری جارێک ، ٦-کاک چەکۆ ڕەحیمی جارێک ، ٧-کاک قادر

وریا سێ جار، ٨-کاک تەیموور مستەفایی جارێک ، ٩- عەبدوڵڵا حەسەنزادە چوار جار، ١٠-کاک حەمەنەزیف قادری جارێک ، ١١-کاک سمایل بازیار جارێک ، ١٢-کاک مستەفا هیجری دوو جار، ١٣-کاک عوسمان ڕەحیمی جارێک و ١٤-کاک حەسەن شەڕەفی جارێک . سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە باسەکە کێشایە ڕۆژی دووەمیش و لەوێدا حەرەکەتێک پاڵی پێوە نام کە مل ڕاکێشم."[٤٥]

لەم گێڕانەوەیەدا ڕاست و ناڕاست تێکەڵ کراوە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەرجەم ٢٨ جار لێدوانیان داوە و کۆبوونەوەکەش دوو ڕۆژی خایاندووە. حەسەنزاە بۆ وە درۆ خستنەوەی ڕیوایەتی کاک مستەفا، دەیەوێ وا بنوێنێ لەم کۆ بوونەوە دوو ڕۆژەیەدا و لە گشت ٢٨ لێدوانەکەدا دەستووری کاری کۆ بوونەوە و بابەتی لێدوانەکان، دەست لە کار کێشانەوەی حەسەنزادە و داوای ئەندامان بۆ وەرگرتنەوەی ئیستعفای ئەو بووە و حەسەنزادەش بە ناچاری ئیستعفاکەی وەرگرتووەتەوە. کەچی وا نییە و دەستووری کاری دانیشتنەکە کۆمەڵێک بابەتی ورد و درشتی سیاسی و تەشکیلاتی بووە کە حەسەنزادە باسیان ناکا.

**نموونەی چوارەم.** لە باسی زیز بوونی حەسەنزادە لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی سێزدە، نووسەری "ڕوونکردنەوە" دەڵێ بەجێهێشتنی کۆنگرە بە هۆی لابردنی پاراگرافێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم بووە کە باسی یەکڕیزی تێدا کراوە. حەسەنزادە لێرەدا خۆی بە لایەنگری یەکڕیزی و کاک مستەفاشی بە دژی یەکڕیزی ناساندووە و بەڵگەکەشی ئەوەیە کە خۆی لایەنگری لە هێنانی ئەم پاراگرافە لە دەقی ڕاپۆرتەکەدا کردووە و کاک مستەفاش بە دژی بووە. حەسەنزادە دەڵێ : "ئەمن هەستام گوتم لە کۆنگرەیەک دانانیشم کە باسی یەکیەتی و یەکڕیزیی تێدا حەرام بێ"[٤٦] و ١٥٠ شاهیدیش دێنێتەوە.

ئەوانەی کەم تا کورتێک ناسیاوییان لەگەڵ کاری تەشکیلاتی هەیە دەزانن شتێکی سەیرە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا، بە بیانووی پاڕانەوە بۆ

نەهێشتنی دووبەرەکی، بەئاشکرا باسی ئەوە بکرێ کە لەناو حیزبدا دووبەرەکی هەیە و ئەم باسە لە ڕاپۆرتی کۆنگرەدا وەکوو سەنەدێکی گرینگ جێ گیر بکرێ و ڕەسمییەتی پێ بدرێ و ڕێگەی ئەوە خۆش بکرێ کەسانێک بیکەن بە پێشەکیی هەڵسووڕانەکانی دواتر. هەموو لایەک دەزانن نەهێشتنی دووبەرەکی بە پاڕانەوەی ڕوالەتی و سوێند خواردن ناکرێ و بە کردەوەی ڕاستبێژانە و شێلگیرانە دەکرێ. نەهێشنی دووبەرەکی بە ئینشعاب ناکرێ و بە ڕەتکردنەوەی ئینشعاب دەکرێ. نەهێشتنی دووبەرەکی لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا نانووسرێ و لە مەیدانی عەمەلدا جێبەجێ دەکرێ. تێپەڕینی کات و وردبوونەوە لە هەنگاوە عەمەلییەکان، باشترین زەرفی تاقیکردنەوەی قسە و ئیددیعاکانە. کەسێک کە لە کۆنگرەدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد باسی "دووبەرەکی" حەتمەن لە دەقی ڕاپۆرتی کۆنگرەدا بنووسرێ و ئەو پێداگرییە گوایە بەنیازی خۆ پاراستن لە لێکترازان بووە، چۆن بوو دواتر بوو بە "ڕەمزی بزووتنەوەی ئینشعاب" و لەکاتی ئینشعابدا ئیتر چ باس لەو پێداگری و زیز بوونەی کاتی کۆنگرە نەما؟ کەسێک کە کۆنگرە بەجێ دێڵێ و دەڵێ "من لە کۆنگرەیەک دانانیشم کە باسی یەکیەتی و یەکڕیزی تێدا حەرام بێ" چۆنە دواتر ڕیزی ئینشعابی بەجێ نەهێشت و بە فەتوای جۆراوجۆریش ئینشعابی حەلاڵ کرد و پاساوی سەیروسەمەرەشی بۆ هێناوە؟ کەسێک کە بە بێ ئەو پاراگرافەی گوایە باسی یەکڕیزی دەکا، نەدەهاتەوە ناو سالۆنی کۆنگرە، چۆن بوو دواتر بەیاننامە ئینشعابی نووسی؟

## دوا قسە

زۆربەی ڕەخنە و وەڵامەکانی ناو "ڕوونکردنەوە" بۆ نموونە شتی لەم چەشنەن کە فلانە بەرنامەیە فێستیڤاڵ بووە و شانۆ نەبووە، مادەی ١٥ی یاسای بنچینەیی ڕاست نییە و ئەسڵی ١٥ ڕاستە. نیشانەی (ک) (کە کاک مستەفا بە ئاشکرا

بۆخۆی دەڵێ بەنیشانەی کۆچی هەتاوی بەکاری دێنم) جگە لە کۆچی هەتاوی بۆ کۆچی مانگیش دەنووسرێ و بابەتی لەم چەشنە.

با ڕاستەوخۆ پەیامێک بە گوێی بەرێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە بگەیەنین. ئێمە نە نوێنەری مێژووی کوردین و نە نوێنەری خەڵکی کوردین. ئێمە هەر بە تەنیا نوێنەری بۆچوون و تەحلیل و ئیستدلالەکانی خۆمانین کە لەوانەیە ڕاست بن و لەوانەشە هەڵە بن. بەڵام ئەگەر تۆزقالێکیش ئیحتمالی ئەوە لەگۆڕێدابێ ئەم بۆچوونانە ڕاست بن، هەر بایی ئەوەندە ئیحتمالە ئەگەری ئەوەش لەگۆڕێدایە ئەم پەیامە، پەیامی مێژووی کورد و ئەم دەنگە دەنگی خەڵکی کورد بێ کە لەوپەڕی سنووری کات و شوێندا بە گوێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەچرپێنرێ: بەڕاستی گرینگ نییە بەرنامەکەی گۆرین، شانۆ بووە یا فێستیڤاڵ، گرینگ ئەوەیە "ئینشعاب" هەڵە بوو. کێشە لەسەر ئەوە نییە کە (ک) بنووسرێ یان (ک . هـ) کێشە ئەوەیە کەسێک بە پێشینەی شێست ساڵ خەباتەوە نەدەبوو ببێ بە لیدێری ئینشعاب. گرینگ نییە مادە ڕاستە یا ئەسڵ. گرینگ ئەوەیە ئینشعاب لە ئەسڵ لادان بوو.

حەسەنزادە دەڵێ " کەسێک بایەخ بە قسە و نووسینی خۆی بدا هەروا بە قەولی کوردی وەنێو ناکەوێ"[٤٧] هیوادارم خوێنەر دوای ئەم شیکردنەوەیە بۆی ڕوون بووبێتە کێ "هەر وا وە نێو کەوتووە".

با لە ڕاستەڕێی ئینساف نەترازێین. نەشیاو بوونی تێوەگلانی حەسەنزادە لە ئینشعابی ساڵی ٨٥، کە هەڵەیەکی یەکجار زۆر گەورە بوو، بەو مانایە نییە هەموو کردەوەکانی ئەو هەڵە بوون. لە مێژووی کورددا دوو عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەن. عەبدوڵڵا حەسەنزادەیەک کە قوتابیی قاسملوو بوو و بەبێ دڕدۆنگی ئینشعابی ڕەت دەکردەوە و عەبدوڵڵا حەسەنزادەیەک کە لە خەتی دکتۆر قاسملوو لای دا و بوو بە دەمڕاستی ئینشعاب. عەبدوڵڵا حەسەنزادەیەک کە خەباتی کرد و

نووسی، عەبدوڵڵا حەسەنزادەیەک کە دووبەرەکی نایەوە و حاشای لێ کرد. یەکێک کە یاسای بۆ خەبات و بنیاتنانەوە داڕشت و یەکێکیش کە پاساوی بۆ داڕمان هێناوە.

حەسەنزادەی دووەم قەدەر عەیامێکە دەستی لە بینەقاقای حەسەنزادەی یەکەم توند کردووە و بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی خەریکە ڕێکی دەکوشێ و بەنیازی خنکاندنیەتی. هیوای ئێمە ئەوەیە حەسەنزادەی یەکەم هێشتا پشووی لێ نەبڕابێ و ڕۆژێک هەڵەسوون بێنێتەوە.

## سەرچاوەكان:


١ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەزموونی خەبات، وتووێژی هەیاس كاردۆ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەكەم، ٢٠١١، ل ٦٣٢

٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣٢

٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣٢

٤ سەرچاوەی پێشوو، لل ٦٣١.٢

٥ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێكۆشان، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، پووشپەڕی ١٣٧٦، ل ٢٦٧

٦ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ڕوون كردنەوە یان هەڵبەستنی مێژوو، ل ٦٠

٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨

٨ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧

١٠ قادر وریا http://www.kurdistanukurd.com/?p=1761

١١ مەسعوود محەممەد، حاجی قادر كۆیی، بەرگی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل ١٠

١٢ ئەزموونی خەبات، ل ٦١٢

١٣ ڕوونكردنەوە، ل ٥٢

١٤ جەلیل گادانی،ولامێک بە نسكۆ و دابڕان، ل ١١

١٥ ڕوونكردنەوە، ل ٣

١٦ نیوسەدە تێكۆشان، بەرگی دووەم، ل ٢٦٩

١٧ ڕوونكردنەوە، ل ٣٨

١٨ ڕوونکردنەوە، ل ٢١

١٩ ڕوون کردنەوە، ل ١٧

٢٠ وڵامێک بە نسکۆ و دابڕان. ل ١١

٢١ مستەفا هیجری،نسکۆ و دابڕان،سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٥، ل ١٣٨

٢٢ نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووەم، ل ١٦٧

٢٣ نسکۆ  و دابڕان، ل ٩٥

٢٤ ڕوون کردنەوە، ل ١٧

٢٥ هەمان سەرچاوە، ل ١٨

٢٦ ڕوونکردنەوە، ل ٢٤

٢٧ ئەزموونی خەبات، ل ٥٨١

٢٨ ڕوون کردنەوە، ل ٢٤

٢٩ ڕوونکردنەوە، ل ٣٢

٣٠ ڕوونکردنەوە، ل ٣٣

٣١ نسکۆ و دابڕان، ل ١٧٩

٣٢ ڕوونکردنەوە، ل ١٨

٣٣ ڕوونکردنەوە، ل ٢٠

٣٤ وڵامێک بە نسکۆ و دابڕان، ل ٢

٣٥ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢

٣٦ ڕەحمان پیرۆتی، خەسارناسی دابڕان یان شێواندنی راستییەکان- وەڵامێک بۆ کاک مستەفای هیجری:

http://rojhelattimes.net/witarakan/1727

٣٧ ڕوونکردنەوە، ل ١٣

٣٨ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥

٣٩ ئەزموونی خەبات، ل ٨-٢٣٧

٤٠ هەیاس کاردۆ، تا مرد (فرد؟) سخن نگفته باشد عیب و هنرش نهفته باشد:

http://rojhelattimes.net/witarakan/1715

٤١ وڵامێک بە نسکۆ و دابڕان، ل ٢

٤٢ ڕوونکردنەوە، ل ٨

٤٣ نسکۆ و دابڕان، ل ٢٢

٤٤ سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨

٤٥ ڕوونکردنەوە، لل ٢-٦١

٤٦ ڕوونکردنەوە، ل ٣٧

٤٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠